# سۆناتای تارمایی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

**ئاوگۆست ستریندبێری**

# سۆناتای تارمایی

شانۆنامە

وەرگێڕانی لە سویدییەوە:

**عەبدوڵڵا قادر دانساز**



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: سۆناتای تارمایی – شانۆنامە
نووسینی: ئاوگۆست ستریندبێری
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: عەبدوڵڵا قادر دانساز
پێشەکی: دانا ڕەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٦١٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٣٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# پێشەکی

## سۆناتای تارمایی و شانۆنامەکانی گەمەی ژوور

دانا ڕەئووف

## شانۆی ژوور

ڕێژیسۆری ئەڵمانی ماکس راینهارت ١٨٧٣– ١٩٤٣ لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە پاڵ شانۆ جۆراوجۆر و چالاکییە بەردەوامەکانیدا، شانۆیەکی تایبەتی بەناوی شانۆی "ژوور"ەوە لە بەرلین دەکاتەوە. لەم شانۆیەدا، جگە لە شانۆنامەنووسە ئەڵمانییەکان، هێنریک ئیبسن و ئاگۆست ستریندبێری پێشکەش دەکات. ستریندبێریش هەمیشە خەونی بەشانۆیەکی تایبەتمەندی خۆیەوە بینیوە و زۆر بەوردیش ئاگای لە ڕەوت و بزووتنەوەی شانۆی ئەورووپی بووە. شانۆنامەکانی لە پاریس و لە ئەڵمانیا بەردەوام پێشکەش کراون و لە پەیوەندییەکی بەردەوامیشدا بووە بەشانۆکانی ئەو وڵاتانەوە.

خەونەکەی ستریندبێری لە ساڵی ١٩٠٧دا دێتە دی و لە ستۆکهۆڵم و بەهاریکاری چەند ئەکتەر و ڕێژیسۆرێکی لاو شانۆی ئینتیم دادەمەزرێنێ. ئەم شانۆیەش لە ژێر کاریگەری ماکس راینهارت و



شانۆ ژوورەکەیدا، فۆرمێکی جیاواز و شانۆیەکی ژوورئاسای بچووک لە خۆ دەگرێت[1]. ستریندبێری و لە ماوەیەکی کورتدا، لە نێوان مانگی یەک تا مانگی شەشی ساڵی ١٩٠٧دا چوار شانۆنامە بەناوی (گەمەی ژوور)ەوە دەنووسێت، شانۆنامەکانیش بریتین لە: زریان، زەوی سووتاو، سۆناتای تارمایی و کەڵک[2].

ستریندبێری ئەم شانۆنامانە لە شێوازی کۆمەڵێ جووڵەی مۆسیقیدا دەنووسێ، هەر شانۆنامەیەکیش بریتییە لە جووڵەیەکی مۆسیقی و پێکەوە پارچە مۆسیقایەکی چەند بەشی پێک دەهێنن.

شانۆی ئینتیم و گەمەی ژوور بەرجەستەکردنێکی خەون و بۆچوونە دێرینەکانی ستریندبێری بووە بۆ خوڵقاندنی شانۆیەکی ئەزموونگەری، جیاواز و ڕاستەقینە. ستریندبێری بەم شێوەیە باسی شانۆی ئینتیم دەکات: (گەر ئێستە لە من بپرسن شانۆیەکی ئینتیم چی دەوێت، مەبەست لە بیرۆکەی گەمەی ژوور چییە، دەتوانم بەم شێوەیە وەڵامی بدەمەوە: لە دراماکەدا ئێمە هەوڵی دۆزینەوەی هۆکارە پڕ لە مانا و بەهێزەکان دەدەین، بەڵام بەشێوەیەکی سنووردار و دیاریکراو. لە چارەسەرکردندا هەوڵی وەلاوەنانی هەموو جۆرە

(١) خوێنەران بۆ زیاتر شارەزابوون لە شانۆی ژوور، شانۆنامەکانی گەمەی ژوور و سۆناتای تارمایی دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر کتێبی (ستریندبێری – سۆناتای تارمایی لە نێوان راینهارت و بێریماندا، خوێندنەوەی پیەسی سۆناتای تارمایی، لە نێوان دیدی دوو ریژیسوردا) نووسینی: دانا ڕەئووف، ٢٠٠١، چاپی کوردستان، دەزگای سەردەم و چاپی سوێد.

(٢) ژمارەی داهاتووی ئەم زنجیرەیە شانۆنامەی (کەڵک)ە و هیوادارین لە ئایندەدا بتوانین هەموو شانۆنامەکانی تری گەمەی ژووری ستریندبێری بڵاو بکەینەوە.

زەخرەفەکاری، کاریگەری چاوەڕوانکراو، چەپڵەڕێزان، ڕۆڵی بریقەدار و سەرەکی دەدەین. نابێت هیچ جۆرە فۆرمێکی دیاریکراو، نووسەر ببەستێتەوە، لەبەرئەوەی هۆکارەکە خۆی مەرج بۆ فۆرم دادەنێت. بەمانایەکی تر سەربەستی لە چارەسەرکردندا، تەنها پابەندی یەکەی پرۆژە و شێواز و هێڵە هەستییەکە دەبن.)

ستریندبێری ئەم دید و چەمکە شانۆییە لە شانۆییەکانی گەمەی ژووردا پراکتیزە دەکات، فۆرمێکی نوێ و زمانێکی جیاوازی شانۆیی دەخوڵقێنێ. فەلسەفە و ناوەڕۆکی ئەو شانۆنامە کورتانە قووڵ و پڕ مانان، دنیادیدە و جیهانێکی گەورەی ئاڵۆز، هەندێ جار بەکەرەستەی زۆر دیاریکراو، زمانێکی سادە و لە هەمان کاتدا ئەتمۆسفێرێکی سوریالیزم دەخوڵقێنێ.

ستریندبێری هەست بەگرنگی و بەهای ئەم شانۆنامانەی دەکات، لە هەمان کاتدا دەزانێت گەمەی ژوور شتێکی نوێ و جیاوازە، هەر لەبەرئەوە لەگەڵ نامە و بابەتی تری شانۆییدا هەوڵیداوە بۆچوونەکانی و فۆرمی ئەو شانۆ نوێیەی ڕوون بکاتەوە، بۆ نموونە لە یەکێک لە نامەکانیدا کە لە ساڵی ١٩٠٧دا نووسیویەتی سەبارەت بەگەمەی ژوور دەڵێت: «بابەتێکی بچووک، گشتگر و قووڵ چارەسەرکراو، کەسایەتی و ئەکتەری کەم، دیدێکی گەورە و فراوان، فەنتازیایەکی سەربەست، بەڵام زۆر بەوردیی داڕێژراو، پڕ لە ئەزموون، ساکار، بەڵام زۆر ساکار نا، دوور لە هەموو جۆرە ماشێنە کۆن و گەورەکان، هیچ یاسایەکی داڕێژراوی پێنج پەردەیی، ڕۆڵی بچووک و لاوەکی و شەوگاری درێژ لە خۆ نەگرێت».

ستریندبێری لە ساڵی ١٩٠٧دا شانۆی ئینتیم و گەمەی ژوورەکەی بەشانۆنامەی (کەڵک) دەکاتەوە. نەمایشەکە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ



بەدەست ناهێنێ و ڕەخنەگرەکان نەمایشەکە و شانۆنامەکەش زۆر بەتوندوتیژیی هەڵدەسەنگێنن[٣].

شانۆی ئینتیم تەمەنی زۆر نابێت و هەر دوای چوار ساڵ، بەهۆی بارێکی گرانی دارایییەوە لە ساڵی ١٩١٠دا دادەخرێت. شانۆنامەکانی گەمەی ژووری ستریندبێری کاریگەرییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆیان بەسەر شانۆی جیهانییەوە هەبووە، ئەو کاریگەرییە و بەتایبەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە لای نووسەرانی شانۆی پووچگەرایی، بەتایبەتی بێکێت و یۆنسکۆ دەردەکەوێت.

شانۆنامەکانی گەمەی ژوور ڕێگاخۆشکەرێکی پتەویش بووە بۆ تەوژمە نوێیەکانی شانۆی ئەورووپی، لە هەمان کاتدا ستریندبێری خۆشی کاریگەری شانۆنامەنووسە سمبولیزمەکان، بەتایبەتی (مۆریس مەتەرلینگ)ی بەسەرەوە بووە. ستریندبێری لە زۆر بۆنەدا ئاماژەی بەوە داوە کە مۆریس مەتەرلینگ پێگە و بەهایەکی ئێجگار تایبەتی لە لای ئەو هەبووە و بەچاوی ڕێز و ڕامانەوە لە شانۆنامەکانی ورد بۆتەوە.

(٣) شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی)ش بۆ یەکەم جار لە ٢١ی یانیوەری ساڵی ١٩٠٨دا لەسەر شانۆی ئینتیم لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کراوە. ڕەخنەگرەکان شانۆنامەکە بەدەردی نەمایشی کەڵک دەبەن و هێرشێکی زۆر توندی دەکەنە سەر.

## سۆناتای تارمایی یان خوانی تارمایی

ستریندبێری هەر لە سەرەتاوە کە شانۆنامەکانی گەمەی ژووری نووسیون، بیری لە زنجیرە یان چەند جووڵەیەکی مۆسیقی کردۆتەوە. هەریەک لە شانۆنامەکانیش، جووڵەیەکی مۆسیقی پێک دەهێنن و تێکڕا پێکیشەوە پارچە مۆسیقایەکی چەند بەشیی دەخوڵقێنن. بۆ نموونە ستریندبێری (سۆناتای تارمایی) لە ئاوازێکی مۆسیقی (پیانۆ سۆنات)ی ژمارە دووی بیتهۆڤنەوە وەرگرتووە.

ستریندبێری زۆر چێژی لە مۆسیقا وەرگرتووە و هەمیشە گوێی لە مۆسیقای کلاسیکی گرتووە، شارەزایی هەبووە و توانیویەتی مۆسیقاکان بخوێنێتەوە. ئەو پیانۆ سۆناتای بیتهۆڤنەش یەکێک بووە لەو پارچە مۆسیقییانەی کە ستریندبێری زۆر خولیای بووە، گوێی لێ گرتووە و لە ناواخن و زمانە مۆسیقییەکەشی گەیشتووە. ستریندبێری دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە، کاتێ گوێ لەو پیانۆ سۆناتەی بیتهۆڤن دەگرێت، تارمایی ڕاستەقینە دەبینێت.

ستریندبێری لە سەرەتادا بیری کردۆتەوە کە شانۆنەمەکەی بە(خوانی تارمایی) نێوزەد بکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دیمەنی دووەمی ئەم شانۆنامەیە کە لە ئەتمۆسفێرێکی سەیر و سەمەرەدا، ژیانی پڕ لە نهێنی کارەکتەرەکان ئاشکرا دەبێت و یەکە یەکە دەمامکەکانی ڕوخساریان دادەماڵرێت.

کاریگەری پیانۆ سۆناتاکەی بیتهۆڤن و هەندێک هۆکاری تری تایبەت بەستریندبێری خۆی، وا لەم نووسەرە دەکات کە دوا جار



ناونیشانی شانۆنامەکەی بەسۆناتای تارمایی بمێنێتەوە[٤].

ئەم ناونیشانەش بەها و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و دەتوانرێت بەچەندین شێواز بخوێنرێتەوە: سۆناتای تارمایی، وەک وشەیەکی لێکدراو، بەرجەستەی دوو جۆر لە هەستەکانی مرۆڤ دەکات، بەمەش مەودایەکی قووڵ و فرە لایەن دەبەخشێتە ناوەڕۆک و ڕاڤەکردنی شانۆنامەکە. سەرەتا گەر وشەی (سۆناتا) وەک پارچە مۆسیقایەک وەربگرین، جۆرێک لە هەستی بیستن لە لای خوێنەر و بینەر دروست دەکات. مرۆ لە ڕێگای گوێ و هەستی بیستنەوە گوێ لە مۆسیقا ڕادەگرێ. وشەی (تارمایی) ش، شتێکی بینراوە، هەرچەندە چەمکێکی مەجازی لە خۆ دەگرێت، زیاتر تایبەتە بەهەستی بینینەوە. هەستە مرۆڤایەتییەکانیش، بۆ نموونە لێرەدا (بیستن و گوێگرتن) لایەنێکە لە لایەنە گرنگ و ناسکەکانی مرۆڤ کە دەکرێت زۆر بەئاسانی بەهۆی هەر کردار، بارودۆخ و ڕووداوێکەوە بێت بشێوێنرێت. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین سۆناتای تارمایی، وەک ئاوازێکی ترسناک، دێوەزمەئاسا، دەروون و هەستی بینین و بیستنی کارەکتەرە تارماییی ئاساکانی ناو شانۆنامەکەی شێواندووە.

سۆناتای تارمایی وەک پارچە مۆسیقایەک لەم شانۆنامەیەدا، بەرجەستەی ئەو سێ بەشەی شانۆنامەکە دەکات. ستریندبێری بەم

(٤) ستریندبێری لە سەرەتادا بیری کردۆتەوە کە شانۆنامەکەی ناو بنێت "خوانی تارمایی"، بەڵام دواجار ئەم ناونیشانەی گۆڕیوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ جۆرە تێکەڵاوییەک یان بەهەڵە تێگەیشتنێک ڕوونەدات لەگەڵ بەشی یەکەمی ڕۆمانی (ئاڵا ڕەشەکان) کە ناونیشانی "خوانی تارمایی" لە خۆ دەگرێت. ڕۆمانەکە وا نیاز بووە لە ٢٩ی ئایاری ساڵی ١٩٠٧دا بڵاو بکرێتەوە. واتە هەر بەماوەیەکی کورت دوای نووسینی شانۆنامەی سۆناتای تارمایی.

داهێنانەی جۆرە یاسایەکی تری خولْقاندووە بۆ بەدیهێنانی کۆمپۆسیتۆرێکی شانۆیی، شانۆ وەک ئاوازێکی مۆسیقی ستروکتوری شانۆنامەیەکی ترسناک دادەڕێژێت.

هانس – یۆران ئێکمان، لە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگدا سەبارەت بە شانۆنامەکانی گەمەی ژووری ستریندبێری، هەستەکانی مرۆڤی لە شانۆنامەی سۆناتای تارماییدا، بەم شێوەیە دابەش کردووە: بەشی یەکەمی پیەسەکە بەرجەستەیەکی ئاشکرای هەستی بینین و سنوور بۆ دانانی ئەو هەستەیە لە لای مرۆڤ. بەشی دووەم بەهەمان شێوە بەرجەستەی هەستی بیستن دەکات، بەشی سێیەمیش بەهەستی تام و بۆن کۆتاییان پێ دێت. ئەم سێ بەشەش وەک لە لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە لە ڕیتم و جووڵەی مۆسیقییەوە نزیکن: جووڵەی یەکەم ئاوازێکی گشتی و دیاریکراوە، جووڵەی دووەم ئاوازێکی دژ بەجووڵەی یەکەم دروست دەکات، جووڵەی سێیەمیش، وەک دیمەنی کۆتایی شانۆنامەکە، ئاوازێکە جووڵە و تۆنەکانی یەکەم و دووەم پێکەوە دەبەستێتەوە.

ستریندبێری لە شانۆنامەی سۆناتای تارماییدا کارەکتەرەکانی ڕووبەڕووی ڕابردوویان دەکاتەوە، پەردە لەسەر هەموو نهێنییەکانی تاوان و شەڕ و گوناهکاری ژیانیان هەڵدەماڵێ. هەمیشە ئەو ڕابردووە ڕەشە ڕاویان دەنێت و دەبێتە تارماییەکی ترسناک و هەڕەشە لە ئێستەیان دەکات. هیچ ڕێگایەکی دەربازبوون و ڕزگاربوونیان بۆ نییە، تەنها ڕێگا ئەوەیە، مرۆڤ دەبێت باجێکی گرانی هەموو ڕووداوێکی ناهەمواری پڕ لە تاوانی ژیانی ڕابردووی خۆی بدات. تەنها گەنجەکان توانای ئەوەیان هەیە لەو تارماییانە قوتاریان بێت، چونکە گەنجەکان



لە سەرەتای ژیاندان و خاوەنی هیچ ڕابردوویەک نین. بەڵام ستریندبێری دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە تاوان وەک چەمکێکی شەڕانگێز لە هەر قۆناخێکی تەمەندا بکرێت، ژیان ژەهراوی دەکات. هەندێک جار ئەو چەمکە ترسناکە ژیانی لاوەکانیش دەشێوێنێت، بەمەش هیچ قوتاربوونێک لە ژیاندا بۆ هیچ کەسێک نامێنێتەوە.

## چی لە سۆناتای تارماییدا ڕوو دەدات؟

خوێندکارێک و پیرەمێردێک بەناوی (هوممێل)ەوە لە بەردەم ڕووکاری دەرەوەی خانوویەکی ڕازاوەی گەورەدا، یەکتری دەبینن، دەست دەکەن بەقسە و دواتر هوممێلی پیرەمێرد باسی یەکە بەیەکەی ئەو کەسانەی کە لەو خانووەدا دەژین دەکات و، دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە هەر هەموویان باش ئەناسێ. هەندێک جار خەڵکانی ناو خانووەکەش لێرە و لەوێ، بەشێوازی جۆراوجۆرەوە دەردەکەون. خوێندکارەکە زۆر دڵی بە کچی کابرای کۆڵۆنێلدا، کە لەو خانووەدا دەژین، دەچێت. ئەم خوێندکارە بەوپەڕی دڵخۆشییەوە بەیارمەتییەکانی هوممێلی پیرەمێرد قایل دەبێت، تا ڕێگای چوونە ژوورەوەی ناو ئەو خانووەی بۆ بکاتەوە. لە دیمەنی داهاتوودا، هەردووکیان، خوێندکارەکە و هوممێل لە هۆڵە بازنەییەکەی ماڵی کۆڵۆنێلدا، لە ناو خودی خانووەکەدا دەبینینەوە. لەم دیمەنەدا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژ و حساب لەگەڵ یەککردنێکی ڕاستەوخۆ، لە نێوان پیرەمێرد و دانیشتوانی خانووەکەدا، بەتایبەتیش کارەکتەری کۆڵۆنێل، ڕوودەدات. ئەم مەسەلەیەش بەمەرگی هۆممێل کۆتایی دێت. دوا دیمەن و بەرئەنجامی شانۆنامەکەش لە ژوورەکەی خانمەکەدا ڕوودەدات، ژوورێکی سەرسوڕهێنەری گوڵە سنبولێدا. لەم ژوورەدا، هێدی هێدی خوێندکارەکە هەموو نهێنییەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت، لەوە دەگات کە خانم نەخۆشە و هەرگیز بۆ ئەویش نابێت، خانم دەمرێت و خوێندکارەکەش بەتەنها دەمێنێتەوە.



ئەم شانۆنامەیە چەندە قووڵ و پڕ مەخزایە، هێندەش لە ڕووکاری دەرەوەی ناتەبا و جیاوازە، بۆ نموونە: مردوویەک بەجلوبەرگێکی سپییەوە، بەسەر شانۆکەدا دەڕوات، ئافرەتێکی بەتەمەن لە ژوورێکی کەنتۆرئاسای جلوبەرگدا، خۆی توند کردووە و وا دەزانێت کە (تووتی)یە، چێشتلێنەرێکی ئێجگار گەورە ئەو خواردنەی لێدەنێت، بێ هێز و بێ تامی دەکات. ڕووداوەکان بەردەوام لە ڕوانگەی لۆژیکێکی جیاواز و شێوازێکی گرۆتیسک[٥] ئاساوە ڕوودەدات.

ستریندبێری شانۆنامەکەی دابەش نەکردووە بەسەر چەند بەش و پەردەی جیاوازدا، بەڵکو لە تەنها سێ دیمەندا کۆی کردۆتەوە. سۆناتای تارمایی سێیەم شانۆنامەی گەمەی ژوورە و ستریندبێری لە ٨ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٠٧دا، لە هەمان کاتدا لەگەڵ شانۆنامەی (زەوی سووتاو)دا و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا نووسیویەتی. ستریندبێری لەم قۆناخەی ژیانیدا لە ڕووی دەروونییەوە زۆر نەخۆش بووە، بیروبۆچوونی ئاڵۆز بووە و هەستی بەتەنیاییەکی کوشندە کردووە. ئەم بارودۆخە ناهەموارەش گوزەرانی ئەم نووسەرەی بەتەواوەتی تێکداوە و هیچ کەسێکیش توانا و حەوسەڵەی نابێت کە لەگەڵیا بمێنێتەوە و یارمەتی بدات.

چێشتلێنەرەکانی یەک لە دوای یەک، لەبەر گرانی باری دەروونی و ئاڵۆزی پەیوەندیکردن پێوەی، وازیان لەو کارە هێناوە و ستریندبێرییان جێ هێشتووە. ئەو گرفتەی ستریندبێری و بەتایبەتی لەگەڵ چێشتلێنەرەکانی، لە دیمەنی کۆتایی شانۆنامەی سۆناتای تارماییدا ڕەنگ دەداتەوە.

---

(٥) گرۆتیسک مانای ئەوەیە کە کارەکتەرەکە، یان هەڵوێستە و ڕووداو و کردارە درامییەکە، شێوازێکی کاریکاتێری و ناتەبا لە خۆ دەگرێت.

## کارەکتەرەکانی سۆناتای تارمایی

### - ڕاڤە و لێکۆڵینەوە

ستریندبێری لە شانۆنامەی سۆناتای تارماییدا، پەردە لە ڕووی کۆمەڵێ خەڵکدا هەڵدەماڵێ کە پێکەوە لە خانوویەکدا دەژین، ئەو خانووەش گوزارشت لە شارێک، بەهەموو وردەکارییەکانییەوە دەکات. لە نهۆمی خوارەوەی ئەو خانووەدا کۆڵۆنێلێک دەژی کە هەڵگری نازناوی چینێکی دیار و بەرزی کۆمەڵە. بەڵام لە ڕاستیدا پلە و پایە سەربازییەکەی لە ڕاستییەوە دوورە و خۆی لەو بەرگەدا حەشارداوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ناو و ناوبانگە بەرزە چینایەتییەکەشی بنەمایەکی ڕاستی نییە و تەنانەت باوکی شەرعی کچە تاقانەکەی خۆیشی نییە. هەر لە هەمان خانوودا پیرێژنێک دەژی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ بووە، گەنجێتی و جوانیی ئەم شۆخە لە پەیکەرێکی سپیی مەڕمەڕدا پارێزراوە. بەڵام ئێستا بەشێوەیەک پیر و چرچ بووە و هەر لە مرۆڤێکی مۆمیاکراو دەچێت. ئەم کارەکتەرە مۆمیاکراوە نایەتە نێو خەڵکییەوە و خۆی لە نێو ژوورێکی تەسکی تاریکی جلوبەرگ هەڵگرتندا توند کردووە. یەکێک لە گرنگترین گوناهەکانی ڕابردووی ئەم ئافرەتە مۆمیاکراوە ناپاکیی و داوێنپیسییە. کچەکەی کە بەرهەمێکی ئەو گوناهکارییەیە، گەرەکییەتی هەمیشە لە نێو گوڵەکانیدا و لە ژووری گوڵە سونبولەییەکانیدا بمێنێتەوە. ئەم کیژە گەنجە ناتوانێت شوو بکات،



لەبەرئەوەی نەخۆشە و سەرچاوەی ژیانی بەتەواوەتی ژەهراوی بووە. ئەم نەخۆشییەش جۆرێکە لە نەفرەت و گوناهەکانی ڕابردووی دایکی. باوکی ڕاستەقینەی ئەم خانمە هوممێلی پیرەمێردە.

لە سەرەتادا وا هەست دەکرێت ئەم پیرەمێردە کە قاچەکانی پەکیان کەوتووە و لەسەر عەرەبانە بەکۆڵان و شەقامەکاندا دەڕوات، تەنها چاودێرە و لە دەرەوەی بازنەی ڕووداوەکاندایە. دیمەنی سەرەتا یەکێکە لە دیمەنە چڕ و گرانەکانی ئەم شانۆنامەیە و بەشێوەیەکی گشتگر گوزارشت لە ژیانی کارەکتەرەکان دەکات. هەر لەم دیمەنەدا ئاشنا دەبین بەکارەکتەرەکانی نێو خانووەکە: لە سەرەتای دیمەنەکەوە هوممێلی پیرەمێرد لە هەوڵی ئەوەدایە کە کار بکاتە سەر خوێندکارەکە تا گرنگی بدات بەکچە نەخۆشە ناشەرعییەکەی و لێی نزیک بێتەوە.

خوێندکارەکە لە دەرەوە، لە ڕووکاری دەرەوەی خانووەکەوە خەون بەناوەوەی ئەو خانووەوە دەبینێ، ئاواتەخوازە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانێت ببێتە خاوەنی ژوورێک لەو خانووەدا .

**خوێندکارەکە:**

..... دوێنێ بێرەدا ڕەتبووم، ئەو کاتەی خۆر دیوی ناوەوەی جامەکانی ڕووناک کردبووەوە، بەخەیاڵ خۆم کرد بەخاوەنی هەرچی جوانی و خۆشگوزەرانییەک کە لە نێو ئەوماڵەدا هەیە. بەهەڤاڵەکەم وت: ئەوەی ئێستا خاوەنی نهۆمیکە لەوێ، چوار نهۆم لە سەرەوە، ژنێکی جوان و کەم تەمەن، دوو منداڵی جوان و چکۆلانە، بیست هەزار کرۆنیش سەلەم ....

سۆناتای تارمایی، بەشی یەکەم

بەڵام لە بەرئەنجام و کۆتاییدا، کە خوێندکارەکە زیاتر دەچێتە نێو

گرنگترین و قووڵترین ئاستی نهێنییەکانەوە، بەتایبەتیش لە ژووری گوڵە سونبولەکاندا، خوێندکارەکە لە لای خانم دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت:

**خوێندکارەکە:**

ئەگەر بێتو ئاو بۆ ماوەیەکی درێژ لە جێگای خۆیدا بەوەستاوی بمێنێتەوە بۆگەن دەکات، ئەم ماڵەش هەروەک ماڵی ئێمەی بەسەر هاتووە. لێرەدا شتێک خەریکە بۆگەن دەکات! ئەو کاتەی من بۆ یەکەم جار ئێوەم لێرە بینی خۆتان پێم نیشان دا، لەو باوەڕەدا بووم ئێرە بەهەشت بێت...

سۆناتای تارمایی، بەشی سێیەم

سەرەتای شانۆنامەکە بەدیمەنی شەقامێک، لە بەردەم دەرگای خانووەکەدا دەست پێ دەکات. ڕۆژێکی یەکشەممەی هەتاو و خۆشە، زەنگی کڵێسە، توتەی پاپۆڕ و ئاوازی ئۆرگۆن دەبیسترێت. ئەمە دیمەنی دەرەوەی خانووەکەیە و خەڵکە تارمایی ئاساکەش لە ناوەوەن.

ستریندبێری زوو دەمانگوێزێتەوە بۆ ناو خانووەکە، کۆمەڵێک مرۆڤ بەردەوام خەریکی هەڵخەڵەتاندنی یەکترین. لە یەکێک لە دیمەنەکاندا، کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی بازنەیی دانیشتوون، بەڵام سیمای هیچ کامێکیان ئاماژەی سیمای ڕاستەقینەی مرۆڤیان پێوە نییە.

کارەکتەری (بێنگیستۆن) کە بەردەستی ئەم ماڵەیە، بەم شێوەیە وێنەی ئەو کۆبوونەوە و خوانە بۆ خزمەتکارەکەی هوممێل باس دەکات.





**بێنگتسۆن**

ئەم شەو شێوە ئاساییەکەیە، ئێمە پێی دەڵێین شێوی تارمایی. چا دەخۆنەوە و وشەیەک چییە نایڵێن، یاخود کۆڵۆنێل بەتەنیا قسە دەکات و ئەوانیش هەر هەموویان لە هەمان کاتدا خەریکی خرماندنی وردە نانن، ئەو خرمە خرمە هەر بەدەنگی جرجی نێو ئیدارەیەکی ژێر بنمیچ دەکات.

سۆناتای تارمایی، بەشی دووەم

هوممێلی پیرەمێرد بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پەردە لەسەر ڕابردووی هەموو کارەکتەرەکان هەڵدەماڵێ، بەتایبەتی کۆڵۆنیل کە بەشێوەیەکی توندوتیژ و دڕندانە قژە دروستکراوەکەی فڕێ دەدات و دەیخاتە ژێر هێرشێکی پڕ لە هەڕەشە و گاڵتەجاڕییەوە. هوممێل دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هەموو شتێک موڵکی ئەوە، هەموو شتێک.

**کۆڵۆنێل:**

ئێوە دەتانەوێت ببنە بڕیاردەری ماڵەکەم؟

**پیرەمێرد:**

بەڵێ! لەبەرئەوەی هەرچییەک ئا لێرەدا دەبینرێت موڵکی منە... مۆبیلەکان، پەردەکان، قاپوقاچاخەکان، دۆڵابی چەرچەفەکان.... لەگەڵ زۆری تردا!!

**کۆڵۆنێل:**

ئەو لەگەڵ زۆری تردایە چییە؟

**پیرەمێرد:**

هەموو شتێک! هەموو شتێک کە بەچاو دەبینرێت خاوەنیم! موڵکی منە!

**کۆلۆنێل:**

باشە! ئەوە هی تۆیە! بەلام دروشمی نەجیبزادەیی و ناوە چاکەکەم بۆ هەتا هەتایە هی خۆمە!

**پیرەمێرد:**

نەخێر، تەنانەت ئەوەش نا!

(پشوو)

تۆ کەسێکی نەجیبزادە نیت!

سۆناتای تارمایی، بەشی دووەم

کارەکتەری کۆلۆنێل توانای هیچ بەرگریکردنێکی نییە بەرامبەر بەتۆمەتەکانی هوممێل؛ لەبەرئەوەی کۆلۆنێل قەرزاری هوممێلە، هەروەها دەشزانێ کە ئەو پەردە هەڵماڵینە ڕاستییەکی دڵتەزێن و تاڵی ڕابردووی ژیانی خۆیەتی.

بەلام ئەوەی پەردە لە ڕووی خەڵکی هەڵماڵێ، پەردە لە ڕووی خۆیشی هەڵدەماڵرێت. لە هەڵۆیستە و کاردانەوەیەکی بەهێزدا، ئافرەتە مۆمیاکراوەکە دێتەوە هۆش خۆی، لە هۆممێلی پیرەمێرد ڕادەپەڕێت، پەردە لەسەر هەموو تاوانەکانی، ڕابردووە پڕ لە شەرمەزارییەکەی هەڵدەماڵێ. ئافرەتە مۆمیاکراوەکە کات دەوەستێنێت و ڕاستەوخۆ بەگژ هوممێلی پیرەمێردا دەچێت.

**مۆمیاکراوەکە:**

(دەچێتە بەر چاڵەکە و ڕایدەگرێت، پاش ئەوە ئامادە و جدییە)

بەلام من دەتوانم کات لە خولانەوەکەی ڕابگرم ... دەتوانم ڕابردوو بکەم بەعەدەم، ئەوەی کراوە بیکەم بەنەکراو؛ بەلام



بەبەرتیل نا، بەهەڕەشە نا .... بەڵکو بەئازار چەشتن و پەشیمانی ... (دەچێتە بەردەم پیرەمێرد) ئێمە مرۆڤی بەستەزمانین، ئێمە ئەوە دەزانین؛ ئێمە هەڵەمان کردووە، ئێمەیش وەک هەموو کەسێکی ترین، ئێمە ئەوانە نین کە بەچاو دەبینرێن، چونکە ئێمە لە بنەڕەتدا لە خودی خۆمان باشترین، ئینجا ئێمە خۆشیمان بەگوناهەکانماندا نایەتەوە، بەلام تۆ یاکوب هوممێل بەناوێکی ساختەوە وەک دادوەرێک دابنیشیت، ئەوە ئەوە نیشان دەدات، کە تۆ لە ئێمەی بەستەزمان خراپتری! بگرە تەنانەت تۆش ئەو کەسە نیت، کە بەچاو دەبینرێیت! تۆ مرۆڤ دزیت، چونکە تۆ جارێک لە جاران منت بەهیوای درۆزنانەوە دزی، ئەو قونسوڵەی کە ئەمڕۆ ئا لێرەدا دەنێژرێت تۆ کوشتت، تۆ ئەوت بەکاغەزە پارەی قەرز تاساند، تۆ خوێندکارەکەت دزیوە تا بەڕێگای ئەو قەرزە هەڵبەستراوەی باوکییەوە بیبەستیتەوە، کە هەرگیز یەک ئۆیرێ قەرزاری تۆ نەبووە......

سۆناتای تارمایی. بەشی دووەم

هوممێلی پیرەمێرد ڕووت دەبێتەوە و ئەویش وەک کۆلۆنێل ڕووبەڕووی ڕاستییەکی تاڵ و کوشندە دەبێتەوە، دەبێتە مرۆڤێکی گرگن، گرمۆڵە دەبێت و ئەویش وەک ئافرەتە مۆمیاکراوەکە دەبێتە تووتی، دارشەقەکانی فڕێ دەدات و دەکەوێتە سەر ئەژنۆ، ئەم پەردە هەڵماڵینەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هوممێل بخزێنرێتە ژوورە تاریکەکەی جلوبەرگەکانەوە و لەوێ خۆی هەڵواسێت. تاوانەکانی هوممێل تاوانێکی گەورەیە و وەک نەفرەت ژیانی هەموو کارەکتەرەکانی تری ژەهراوی کردووە.

ئافرەتە مۆمیاکراوەکە بەو پەردە هەڵماڵینەی هوممێلی پیرەمێرد تووشی قوتاربوون و پاکژبوونەوە دەبێت. چەندەها ساڵە تاوانەکان، داوێن پیسیی و هەڵخەڵەتاندن لە قووڵایی دەروون و ویژدانیدا پۆنگی خواردۆتەوە، هەر بۆیە لە ماوەی بیست ساڵدا، وەک سزایەکی خۆ، لەو ژووره تاریک و تەسکەدا نەهاتۆتە دەرەوە.

لە دیمەنی کۆتاییشدا، خوێندکارەکە و خانمە گەنجە نەخۆشەکە، لە دیمەنێکی خۆشەویستی توندوتیژ و هەست و سۆزێکی هەڵچوودا، ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە. هەر لەم بەشەشدا خانمەکە بەو ڕاستییە تاڵەی بوونی خۆی دەزانێت کە منداڵێکی زۆڵ و ناشەرعییە. ئەم چرکەساتە کۆتایی بە ژیانی کچەکە دەهێنێ و پەردەی مەرگ بەڕوویدا دادەدرێتەوە. پەردەی مەرگ لەم شانۆنامەیەدا. تێکەڵێکە لە چەمکەکانی ژاپۆنی و بۆچوونێکی بودیزم و شۆپینهاوەرییەوە. سۆناتای تارمایی و ئەو ڕەشبینییەی بۆ ژیان هەیەتی، پێکداچوونێکی ڕۆحیی شۆپینهاوەرە لە هزر و دەروونی ستریندبێریدا دروست دەکات و دەبێتە شیعرێکی بەرز. لە دیدی ئەو بنەما و تێڕوانینەوە ژیان، وەک بوزییەکان دەڵێن، وەک خەونێکی پڕ لە ئازار وایە.



## ماریۆنێت یان گرۆتێسک

شانۆنامەی سۆناتای تارمایی کۆمەڵێ کارەکتەری سەیر و سەمەرە و جیاواز، ماریۆنێت ئاسا و گرۆتێسک لە خۆ دەگرێت. زۆربەی کات بەشێکی زۆری ئەو کارەکتەرانە، وەک بووکەشووشە دەجووڵێنەوە، یان لە پشت دیوار و پەنجەرەکانی خانووەکەوە بەبێ دەنگ دەبینرێن. لە بەشی یەکەمی شانۆنامەکەدا تەنها هوممێلی پیرەمێرد، خوێندکارەکە و یۆهانسۆنی بەردەستی هوممێل، سیمایەکی مرۆیانە و کەسایەتی زیندوو لە خۆ دەگرن. کارەکتەرەکانی تر: ژنە ڕەشپۆشەکە، ژنە دەرگاوانەکە، کچە شیرفرۆشەکە و پیاوە مردووەکە لە گەوهەری مرۆڤایەتی خۆیان دابڕاون و زیاتر لە کارەکتەری بووکەشووشە و گرۆتێسک دەچن.

هەندێک جار دەرکەوتنی ئەم کارەکتەرانە، جووڵە و هەڵسوکەوتیان یان دەرکەوتنیان لە پشت پەنجەرەکانی ماڵەکەوە، هێزێکی تایبەتییان پێ دەبەخشێت. بۆ نموونە ژنە دەرگاوانەکە، مارەبڕەکە (ئافرەتێکی پیری سەر سپییە) یان کونسوڵە مردووەکە کە تەنها بەسەر شانۆکەدا ڕێدەکات، ئەتمۆسفێر و وزەیەکی تەلیسماوی بەڕووداوەکان دەبەخشن. ئەم کارەکتەرانە جلوبەرگی دەستنیشانکراو و تایبەتمەندی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکەیان لەبەردایە، سیمای تایبەتی خۆیان هەیە و توانای جووڵانەوە و هەڵسوکەوتیشیان هەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم پێکهێنەرانەشدا، هیچ هێمایەکی ژیانیان تێدا نییە. لەبری ئەوە هەمیشە هوممێلی پیرەمێرد سیمای ئەو کارەکتەرانە دیاری

دەکات و پێناسە و باسیان دەکات: بیرکردنەوەیان، ڕابردوویان، تاوانەکانیان، خەون و هیواکانیان، بۆچوونەکانیان، پەیوەندییەکانیان و تەنانەت دەستنیشانی ڕۆڵەکانیشیان دەکات.



## تارمایی یان کەسایەتی ڕاستەقینە

بەدرێژایی مێژووی شانۆ، هەر لە گریکەکانەوە تاکو ئەمڕۆ شانۆنامەنووسەکان (تارمایی)یان بەکار هێناوە، بەکارهێنانی تارماییش چەندین ئاراستە و بیرۆکەی تایبەتمەندی خۆی هەبووە.

کە گریکەکان، بەتایبەتیش ئەسخیلۆس لە شانۆنامەی (فارسەکان)دا تارمایی بەکار دەهێنێ، هەمان مەودا و هزری شەکسپیر لە (هاملێت) یان (ماکبێس)دا لە خۆ ناگرێت. کە ستریندبێرییش کارەکتەری تارمایی ئاسا بەکار دەهێنێ، فۆرمێکی تایبەت بەخۆی، لە خودی ناوەڕۆک و فەلسەفەی شانۆنامەکەیەوە بەرجەستە دەکات.

تارمایی لە لای ستریندبێری، وەک چەمکێکی پڕ لە خەون و خەیاڵ، دەبێتە واقیعێکی هەستپێکراو، هەرچەندە ئەو کارەکتەرانە، بەشێوازێکی تارمایی دەردەکەون. تارماییەکانی شانۆنامەی سۆناتای تارمایی دەبنە بەشێک لە واقیعێکی ترسناک و نادیاری جیهانێکی میتافیزیکی، تارمایی کەسایەتی کونسوڵە مردووەکە، کچە شیرفرۆشەکە، ئافرەتە مۆمیاکراوەکە و چێشتلێنەرەکە چەند نموونەیەکن لەو واقیع و لە هەمان کاتدا جیهانە نەبینراو و ناتەبایە. تارماییەکان، وەک هێزێکی کاریگەر، لە هەست و هۆشی کارەکتەرەکانی تردایە، ڕاویان دەنێت، دادگاییان دەکات و بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتێکی ترسناکیان هەیە و چارەنووسی کارەکتەرەکان دیاری دەکەن.

لە نێو ئەم کارەکتەرە تارماییيانەدا، کچە شیرفرۆشەکە و کونسوڵە مردووەکە، مۆرکێکی دەربڕین و گوزارشت ئامێزی بەهێز لە خۆ دەگرن، ستایلی ماریۆنێت و گرۆتێسک دەبێتە بنەمایەکی گرنگی دەرکەوتن و بەرجەستەکردنیان. ستریندبێری خۆی کچە شیرفرۆشەکەی وەک کەسێکی خەیاڵی ناوزەد کردووە. (بڕوانە لیستی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکە: کچە شیرفرۆشەکە: کەسێکی خەیاڵییە.)

لە سەرەتای دیمەنی یەکەمدا، خوێندکار و کچە شیرفرۆشەکە پێکەوە دەردەکەون، بەڵام کچە شیرفرۆشەکە هیچ قسە ناکات و تەنها خوێندکارەکە دەدوێت. هوممێلی پیرەمێردیش کە چاودێری خوێندکارەکە دەکات، کچە شیرفرۆشەکە نابینێ، هوممێل دەڵێت: (ئەوە کێ قسە دەکات؟ من کەس نابینم! چییە تێکچووە؟) سۆناتای تارمایی، بەشی یەکەم. دواتر لە دیمەنی دووەمیشدا تارمایی کچە شیرفرۆشەکە دەردەکەوێتەوە، بەبێ ئەوەی هوممێل بتوانێت بیبینێ. ئەم کارەکتەرە، کچە شیرفرۆشەکە لە تارمایی پادشای شانۆنامەی هاملێت و بانکۆکی شانۆنامەی ماکبێسەوە نزیکە. تارمایی کچە شیرفرۆشەکە، شوێن پێی ئەو کەسانە دەکەوێت کە بەرپرسیارن لە کوشتنیان، یان ڕاستەوخۆ دەستیان لە تاوانی لەناوبردنی ئەو کەسەدا هەبووە. بێنگتسۆنی سفرەچی کۆڵۆنێڵ بەم نهێنییانە دەزانێ و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هوممێل دەستی هەبووە لە تاوانی لەناوبردنی کچێکی شیرفرۆشدا.

تارمایی دووەمیش پیاوە مردووەکەیە. ئەم پیاوە مردووە، لە دەرگای ماڵەکەیەوە، وەک هەر کەسێکی تر، بەبێ دەنگ و بەکفنە



سپییەکەیەوە دێتە دەرەوە و بەسەر شانۆکەدا دەڕوات. ئەم کونسوڵە مردووە دەیەوێت لە نزیکەوە تەماشای خۆ ئامادەکردنی پرسە و کاروباری کفن و دفنکردنی خۆی بکات. ئەم دوو تارماییيە، کچە شیرفرۆش و پیاوە مردووەکە، کە دەردەکەون، بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو شانۆنامانەی کە کەسایەتی تارمایی و مردوویان تێدایە، هیچ هات و هاوارێک دروست ناکەن، بەبێ دەنگ لەو ئەتمۆسفێرە واقیعی و ئاشکرایەدا دەردەکەون، بەهەمان شێوەش و هەر بەبێ دەنگ لە بەرچاو ون دەبن. ئەم تارماییيانە، وەک دوو کارەکتەری سەربەخۆ لە ستركتوری شانۆنامەکەدا، بەشێوازێکی بەرز پێکداچوون و تێهەڵکێشی کارەکتەرەکانی تر دەبن. هەردوو تارماییيەکە، بەشێوەیەک لە شێوەکان، مەرزەکانی ژیان و مردن، واقیع و خەیاڵ دەبەزێنن و لە یەک کاتدا واقیعین و لە هەمان کاتدا ئەندێشە و خەیاڵن. کچە شیرفرۆشەکە لە بەشی یەکەمدا یارمەتی خوێندکارەکە ئەدات تا چاوی پاک بکاتەوە، بەڵام وەک لە لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، بەبێ ئاوەی هیچ وشەیەکی لە دەم بێتە دەرەوە، بەبێ ئەوەی هوممێلی پیرەمێرد کە لە نزیکیانەوە وەستاوە ببینێ و هەروەها زۆر خێراش لە چاو ون دەبێت.

ئافرەتە مۆمیاکراوەکەش، تەواوکەر و لایەنێکی تری ئەو هاوکێشە چڕەی چەمکی تارماییيە لە شانۆنامەکەدا. کارەکتەری ئەو ئافرەتە لە یەک کاتدا بوونەوەرێکی زیندوو/مردووە و سیمایەکی تارمایی ئامێز لە خۆ دەگرێت. وشەی مۆمیاکراویش کە ستریندبێری بۆ ناوی ئەم کارەکتەرەی داناوە، مانایەکی مەجازی لە خۆ دەگرێت. مۆمیا واتە لاشەی وشککراوە، کارەکتەرێک بەجەستەبوونی هەیە، بەڵام بەرۆح

مردووە و وەک لاشەیەکی وشککراوە لە دۆلابێکدا دایناوە. مەرگ بەدرێژایی شانۆنامەکە، هێزێکی ترسناکە و بوونی هەیە، لەگەڵ کارەکتەرەکاندا گەمە دەکات، کۆتایی بەژیانیان دەهێنێ و دەسەلاتی بێ کۆتایی خۆی دەسەلمێنێ. لە بەشی یەکەمدا پیاوە مردووەکە بەئاشکرا و بەناو ماڵەکەیدا و بەنێو خەڵکەکەدا دەڕوات. مەرگ لە بەشی دووەمدا کۆتایی بەژیانی هوممێل دەهێنێ: لێرەدا مەرگ چەمکەکانی تۆڵەسەندنەوە لە خۆ دەگرێت، مەرگی هوممێل کۆتایی زنجیرە تاوانێکی یەک لە دوای یەکە، بەلام لە بەشی سێیەمدا کە خانمەکە دەمرێت، مەرگ هێزێکی فریاگوزاری و ڕزگارییە بۆ خانمە نەخۆشە بێ گوناهەکە.



## خوێندکار یان ویژدانی شاعیر

لە ناو ئەو هەموو کارەکتەرە ماریۆنێت ئاسا و تارماییانەدا، کارەکتەری خوێندکارەکە بەهیچ شێوەیەک نەبەستراوەتەوە بەکارەکتەرەکانی ترەوە. کەسایەتی خوێندکارەکە، وەک کەسایەتییەکانی تر، دانیشتوانی خانووەکە نییە، کارەکتەرێکە بەتەنها دەجووڵێتەوە و لە دەرەوەی سنووری هەموو کارەکتەرەکانی تردایە: خوێندکارەکە لە ڕووداوەکان، کارەکتەرەکانی تر و ڕووکاری خانووبەرەکە دەڕوانێک پرسیار دەکات، بەوردی لە هەموو شتەکان دەڕوانێ و چاودێرییان دەکات و هەر خوێندکارەکەشە کە لە بەرئەنجامدا دەگاتە ڕاستیی کەسایەتییەکانی تر و هەموو نهێنییەکانیانی بۆ دەردەکەوێت. هەر لەم ڕووەوە دەتوانین دووپاتی ئەوەش بکەینەوە کە خوێندکارەکە، بەپێچەوانەی کارەکتەرەکانی ترەوە، سیمایەکی مرۆڤانەی تەواوەتی لە خۆ دەگرێت، بەمەش جیا دەکرێتەوە لە زۆرینەی ماریۆنێت و کارەکتەرە گرۆتیسکەکانی تری شانۆنامەکە. خوێندکارەکە وەک شاهێدی ڕووداوەکان وایە، تێکەلاوی بەسەرهاتەکان دەبێت، بەبێ ئەوەی گۆڕانکارییەک لە لای خۆی خۆی دروست بێت، لە هەمان کاتدا باسی ڕووداوەکان دەکات و هەڵوێستەیان لەسەر وەردەگرێت. ئەم مەرجانەش وا لەم کارەکتەرە دەکات کە وەک چاودێرێک بمێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، خوێندکارەکە هەست دەکات کە هێزێکی گەورە بەرەو خانووەکەی ڕادەکێشێت، عاشقی خانم دەبێت و خەون بەوەوە دەبینێت کە بتوانێ

بچێتە ناو خودی خانووەکەوە. خوێندکارەکە هێزێکی خواوەندیی هەیە، ئەوەی ئەو دەتوانێ بیبینێ، کەسانی تر ناتوانن بیبینن. خوێندکارەکە کۆرپەیەکی لە دایکبووی ڕۆژێکی یەکشەممەیە، ئەوەی لە یەکشەممەدا لە دایک دەبێت چارەنووسێکی بەختیار و هێزێکی تایبەتییش لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

**خوێندکارەکە:**

تۆ باسی منداڵی لە دایکبووی ڕۆژی یەکشەممە دەکەیت. ئەوەی ڕاست بێت من لە ڕۆژی یەکشەممەدا لە دایک بووم....

**پیرەمێرد**:

نا! ئایا تۆ...؟ من لەو بڕوایەدا بووم... من ئەوەم لە ڕەنگی چاوەکانت بەدی کرد... کەواتا ئێوە دەتوانن ئەوە ببینن، ئەو شتانەی کە خەڵکی تر نایبینن، ئایا خۆت هەستت بەوە کردووە؟

**خوێندکارەکە:**

من نازانم خەڵکی تر چی دەبینن، بەڵام هەندێ جار.... بەڵێ، مرۆ ئەو شتە ناگێڕێتەوە!

سۆناتای تارمایی، بەشی یەکەم

خوێندکارەکە، هەروەک کچەکەی ئیندرای خواوەند لە شانۆنامەی (خەونەیاری)دا[٦] بەزەییەکی گەورەی لە دڵدایە بۆ ئەو کەسانەی

(٦) کە ستریندبێری خەریکی نووسینی شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی) دەبێت، چاودێری بەرهەمهێنانی شانۆنامەی (خەونەیاری) کردووە کە لە ساڵی ١٩٠٧دا پێشکەش کراوە. ئەم چاودێری و ئامادەبوونە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر پرۆسەی نووسینی شانۆنامەی سۆناتای تارمایی.



بەدەست ئازار و پەژارەی ڕۆژگار و ژیانەوە گیرۆدەن.

خوێندکارەکە خستنە ڕوویەکی تری هاملێتە و زۆربەی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوانی بواری زانستی شانۆ ئەم لێکچوون و کاریگەرییەیان باس کردووە.

کارەکتەری خوێندکارەکە گۆڕانکارییەکی گەورەی لە نێوان بەشی یەکەم و سێیەمدا بەسەردا دێت. جیهانە ئیدیالی و ماتەریاڵییەکەی بەشی یەکەمی بەتەواوەتی دەڕووخێت، ڕووداوە ترسناکەکانی خانووەکە و کارەکتەرەکانی، بیر و بۆچوونەکانی دەگۆڕن.

ئەم دوو بەشە، یەکەم و سێیەم هاوتەریب و تەواوکەری یەکترین: لە بەشی یەکەمدا خوێندکارەکە لە شتەکان ڕادەمێنێ، پرسیارەکانی دەکات و دەیەوێت بچێتە ناو خانووەکەوە. لە بەشی سێیەمدا لە ناو خانووەکەدایە و نهێنییەکانیشی بۆ ئاشکرا دەبێت، دەگاتە دوا بەرەنجامەکان و هەڵوێستەیەکیشی بەرامبەر وەردەگرێت. بێ گومان بەرئەنجامەکانیش تەواو پێچەوانەی بەشی یەکەمی شانۆنامەکەیە کە خوێندکارەکە ئاواتەخوازی ئەوە بووە بچێتە ناو خانووەکەوە.

یەکێک لە وەڵامە گرنگەکانیش بۆ خوێندکارەکە ئەوەیە کە ژیان سروشتێکی دوو فاقی هەیە، خێر و شەڕ بەتەنیشت یەکەوە، ژیان و سروشت لە ئاکاری مرۆڤ و لۆژیکی گەردووندا دەنەخشێنێت.

## هوممێل و چێشتلێنەرەکە

هەردوو کارەکتەری هوممێل و چێشتلێنەرەکە هاوکێشەیەکی دووفاقیی شەڕ/خوێن مژین، پێکدەهێنن، یەکتری تەواو دەکەن و سمبوڵەکانی هێزی شەڕ لە شانۆنامەکەدا بەرجەستە دەکەن.

ستریندبێری ئەم دوو کارەکتەرەی بەشێوازێکی گرۆتێسک خوڵقاندووە، بەمەش وزە و هێزێکی زیاتری پێ بەخشیوون و کاریگەرییەکانیان بەسەر کارەکتەرەکانی ترەوە بەئاشکرا دیارە، نەک هەر ئەوە بەڵکو دەسەلاتێکی گەورەیان بەسەر ژیان و چارەنووسی کارەکتەرەکانی ترەوە هەیە. هوممێل یەکە یەکەی کارەکتەرەکان هەڵدەسووڕێنێ، ڕووتیان دەکاتەوە و بەو شێوەیەی کە بیەوێت بەکاریان دەهێنێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانا گەورەیەی هوممێل کە زۆر زیرەکانە، بێ بەزەییانە قەوارەی کۆمەڵایەتی و دەروونی کارەکتەرەکانی تر بچووک دەکاتەوە. بەم کارەش دەسەڵات و هێزی خۆی لە سەرکۆنە کردن و بێ هێزیی ئەوانی ترەوە وەردەگرێت.

هوممێل خوێنی کەسایەتییەکان دەمژێت، هەروەها ئەوانیش ئەم ڕاستییە دەزانن، لێی دەترسن و بەخوێنمژ ئاماژەی بۆ دەکەن. هوممێل خۆیشی ئەم ڕاستییە ناشارێتەوە و دەڵێت: (من کاتێک قەپم لە تیکەکە گرت، ناتوانم بەری بدەم ....). هوممێل دواتر لە بەشی سێیەمدا لە کارەکتەری چێشتلێنەرەکەدا زیندوو دەبێتەوە و سەرکۆنەی خانم و خوێندکارەکە دەکات. جەستەی چێشتلێنەرەکە ئێجگار زل و بەقەبارە قەڵەوە. شێوەیەکی ترسناک و قێزەوەن لە خۆ دەگرێت.



**خاتوون:**

ئەوە چێشتلێنەرەکە هات... تەماشایکە چەند گەورە و قەڵەوە....

خوێندکارەکە:

چی دەوێت؟

**خاتوون:**

دەیەوێت لە بارەی خواردنی شێوەوە پرسم پێ بکات، ئەوەی ڕاست بێت لەو ماوەیەی دایکم نەخۆشە من کاروباری ماڵ هەڵدەسووڕێنم...

**خوێندکارەکە**

چیمان لە کاری چێشتخانە داوە؟

**خاتوون:**

ئێمە پێویستە نان بخۆین... تەماشای چێشتلێنەرەکە بکە، من ناتوانم تەماشای بکەم...

**خوێندکارەکە:**

ئەو ژنە زەبەلاحە کێیە؟

**خاتوون:**

ئەو ژنە سەر بەخێزانی هوممێلی خوێنمژە؛ هەموومان دەخوات...

سۆناتای تارمایی، بەشی سێیەم

خانمەکە لێرەدا مەبەستی ئەوە نییە کە چێشتلێنەرەکە و هوممێل سەر بەیەک خێزانن و کەسوکاری یەکترن. بەڵکو مەبەستی خانم ئەوەیە کە چێشتلێنەرەکە بەچەشنی هوممێل خوێنمژ و توندوتیژە، بۆ

نموونە چێشتلێنەرەکە ئەو خواردنەی کە لێیدەنێت تێکی دەدات و ئارەزووی خواردن لە لای ئەوانی تر دەشێوێنێ، چێشتلێنەرەکە هەرچەندە ڕۆڵێکی بچووکی هەیە و لە ماوەیەکی کورتدا دەردەکەوێت، بەڵام کاریگەرییەکی زۆر و بەهێزی هەیە.

**خاتوون:**

گەلێک چەشنە چێشتمان پێ دەدرێت، بەڵام چێشتەکان هەموو هێزێکیان لەبەر براوە... ئەو گۆشتە کە دەکوڵێنێت تا دەتوێتەوە، تەنها دەزوولە گۆشت و ئاو بەئێمە دەدات، هەمان کاتیش خۆی گۆشتاوەکە هەڵدەقوڕێنێت...

سۆناتای تارمایی، بەشی سێیەم

چێشتلێنەرەکە خۆیشی بەم چەشنە ڕووبەڕووی خوێندکارەکە و خانم دەبێتەوە، هەڕەشەیان لێ دەکات و وەک خەونێکی ناخۆش بێزاریان دەکات.

**چێشتلێنەرەکە:**

ئێوە ئاومان تیا ناهێڵن، ئێمەیش ئاو لە ئێوە دەبڕین، ئێمە خوێن دەمژین و ئێوەیش ئاوتان بەر دەکەوێت... لەگەڵ کلۆریتیین. ئەمە کلۆریتە! ئێستا دەڕۆم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچۆنێک خۆم ئارەزووم لێ بێت دەمێنمەوە.

(دەڕوات)

سۆناتای تارمایی، بەشی سێیەم

٢٥ی ئایاری ٢٠٠٧

## کەسەکان

پیرەمێردەکە: هوممێلی بەڕێوەبەر.

خوێندکارەکە: ئارکینهۆلز.

کچە شیرفرۆشەکە: (کەسێکی خەیاڵییە).

ژنە دەرگاوانەکە.

دەرگاوانەکە.

مردووەکە: کونسوڵ.

خانمە ڕەشپۆشەکە: کچی مردووەکە و ژنە دەرگاوانەکەیە.

کۆلۆنێل.

مۆمیاکراوەکە: ژنی کۆلۆنێل.

کچەکەی: کچی پیرەمێردەکەیە.

نەجیبزادەکە: ئەوەی بە بارون سکانسبێری تورڤالد بانگ دەکرێ و کچی ژنە دەرگاوانەکە دەزگیرانێتی.

یۆهانسۆن: خزمەتکارە لای هوممێل.

بێنگتسۆن: سفرەچییە لای کۆلۆنێل.

دەزگیرانەکە: دەزگیرانی پێشووی هوممێل، پیرەژنێکی پرچ سپییە.

چێشتلێنەرەکە.



١

دیواری نهۆمی خوارەوە و نهۆمی یەکەمی خانوویەکی مۆدێرن، بەڵام بەتەنها سووچی خانووەکە دیارە. نهۆمی خوارەوە بەساڵۆنێکی خڕ و نهۆمی سەرەوەش بەباڵکۆنێک و دارئالآیەک کۆتایی پێ دێت.

لە کاتێکدا پەردە دەڕابییەکە بەرەو سەرەوە هەڵدەدریتەوە، لە دووتۆی پەنجەرە کراوەکەی ساڵۆنە خڕەکەوە پەیکەرێکی سپی لە مەڕمەڕ دروستکراوی ژنێکی گەنج بەدی دەکرێت، بەدارخورما دەورە دراوە، بەتیرۆژی خۆر زۆر بەهێز ڕووناکی هاتۆتە سەر. لە پەنجەرەکەی لای چەپییەوە گوڵە سونبولی (سپی، سەوز، پەمەیی) لە نێو گوڵدانەکاندا بەدی دەکرێت.

لەسەر سیلەی سووچی بالکۆنەکە و لە پای ئەو قادرمەیەی بەرەو سەرەوە دەچێت، چەرچەفێکی شینی ئاوریشمی سەر جێگای نووستن و دوو گۆشە سەرینی بچکۆلەی سپی بەدی دەکرێت. چەرچەفێکی سپی بە ڕووی پەنجەرەکەی لای دەستە چەپ دراوەتەوە. ئەم ڕۆژە ڕۆژی یەکشەممەیەکی سایەقەی ساماڵە.

لە بەردەم بەشی خوارەوەی دیوارەکە تەختێکی سەوز دانراوە.

لە لای ڕاستی بەشی خوارەوەی دیوارەکە فوارەیەک، لە لای چەپیشەوە ستوونی ئافیش هەڵواسین.

دەرگای سەرەکی باڵەخانەکە لە لای چەپی دواوەی شانۆکەوەیە، کە قادرمەی چوونە سەرەوەی تیا بەدەردەکەوێت، پێپلیکەکانی لە

مەڕمەڕی سپی دروست کراون، شیشبەندەکەی لە دارساج و بەشی سەرەوەشی لە مس دروست کراوە. لەسەر پێڕەوی هەردوو لای دەرگا سەرەکییەکە دوو دار بۆژاڵە[1] لە نێو تۆگوڵدا ڕووێندراون.

گۆشەی لای ڕاستی مێزە خڕەکە ڕووی کردووە بەلای ئەوبەری جادەکەوە، کە ڕووەو لای بەشی دواوەی شانۆکە دەچێت.

لە لای چەپی دەروازە سەرەکییەکەوە پەنجەرەیەکی لێیە ئاوێنەیەکی تیشکدەرەوەی تێ گیراوە، کە تیشک دەدات بەلای بەشی دواوەی نهۆمی خوارەوە.

لە کاتی پەردە لادانـدا، زەنگی چەندین کڵێسا لە دوورەوە دەبیسترێ.

دەروازەی خانووەکە کراوەیە؛ ژنێکی ڕەشپۆش لەسەر قادرمەکە بەبێ جووڵە ڕاوەستاوە.

ژنە دەرگاوانەکە دالانەکە گسک دەدات؛ پاشان مسی دەروازەکە دەسڕێت؛ دوای ئەوەش بۆژاڵەکان ئاو دەدات.

پیرەمێردەکە لەسەر کورسییەکی چەرخدار بەتەنیشت ستوونی ئافیشەکانەوە دانیشتووە و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە؛ سەر و ڕیشی سپییە و چاویلکەی لە چاودایە.

کچە شیرفرۆشەکە لە سووچێکەوە بە سەبەتەیەک لە تەلی ئاسن دروستکراوەوە دێتە ژوورەوە؛ جلوبەرگی هاوینەی لەبەردایە، پێلاوی قاوەیی، گۆرەویی ڕەشی لە پێیە و بێرییەکی سپیی لەسەر کردووە.

کچە شیرفرۆشەکە:

(بێرییەکەی لەسەر دادەکەنێت و بە فوارەکەوە هەڵیدەواسێت؛ ئارەقی ناوچەوانی دەسڕێت؛ بەئەسکۆیەکە ئاو دەخواتەوە؛



دەستەکانی دەشوات؛ پرچی ڕێک دەخات، لەبەر ئاوەکە تەماشای خۆی دەکات.

زەنگی پاپۆڕێکی هەڵمین دەبیسترێت، هەروەها جار بەجاریش لەو نزیکانەوە زەنگی ئامێری ئۆرێلی کڵێسایەک لە نزیکی ئەو جێگایەدا خۆی دەترنجێنێتە نێو بێدەنگییەکەوە.

پاش دوو خولەک بێدەنگی، ئەو کاتەی کچەکە لە دەست و دەموچاو شۆردن دەبێتەوە، خوێندکارەکە لە دەستە چەپەوە دێتە ژوورەوە. خەواڵوو، ڕیش نەتاشراو، یەکەو ڕاست دەچێت بۆ سەر فوارەکە.

(پشوو)

خوێندکارەکە:

بۆم هەیە ئەسکۆکەت لێ قەرزکەم؟

کچەکە:

(ئەسکۆیەکە دەکێشێتە دواوە بۆ لای خۆی)

خوێندکارەکە:

چییە زۆرت ماوە لێ ببیتەوە؟

کچەکە:

(بەترسەوە تەماشای خوێندکارەکە دەکات)

پیرەمێرد:

(لەبەر خۆیەوە)

ئەوە لەگەڵ کێ قسە دەکات؟ ـ من کەس نابینم! ـ چییە تێکچووە؟

(هێشتا بە سەیرپێهاتنێکی گەورەوە سەرنجیان دەدات.)

خوێندکارەکە:

تەماشای چی دەکەیت؟ ترسناک دێمە پێش چاو؟ ـ بەڵێ، من ئەمشەو نەنوستووم، بێ گومان تۆ لەو باوەڕەدایت، کە من لە دەرەوە بووم و ئاهەنگم گێڕاوە.

کچەکە:

(هەر وەکو پێشوو)

خوێندکارەکە:

پونشم خواردووەتەوە، ها چییە بۆنی پونش[٢]م لێ دێت؟

کچەکە:

(هەر وەکو پێشوو)

خوێندکارەکە:

ڕیشم نەتاشیوە، ئەوەیان دەزانم... کچەکە ئەسکۆیەک ئاوم بدەرێ... چونکە من بایی ئەوەم!

(پشوو)

دەی! کەواتا وا پێویست دەکات بەپێوە بوەستم ئەو بەسەرهاتەت بۆ بگێڕمەوە، من سەراپای شەو برینی بریندارانم پێچاوەتەوە و بەدیار نەخۆشەوە شەوارەم کردووە، ئەوەی ڕاست بێت دوێنێ شەو لە خانوویەک بووم داتەپی... ئێستە تۆش ئەوە دەزانیت!

کچەکە:

(ئەسکۆیەکە لە ئاو هەڵدەگۆزێ و ئاوی خواردنەوەی پێ دەدا)



خوێندکارەکە:

سوپاس!

کچەکە:

(بێ جووڵەیە)

خوێندکارەکە:

(بەهێواشی)

دەتەوێت چاکەیەکی گەورەم لەگەڵدا بکەیت؟

(پشوو)

مەسەلەکە ئاوەهایە، هەر وەکو دەبینی، چاوەکانم هەڵئاوساون، بەڵام دەستەکانم بەر بریندار و لاشەی مردوو کەوتوون؛ لەبەرئەوەی ناتوانم بەبێ ترس دەست لە چاوەکانم بدەم... دەتەوێت ئێستا دەستەسڕە پاکەکەم دەربێنیت، لە نێو ئەو ئاوە سازگارە تەڕی بکەیت و چاوە بەستەزمانەکانمی پێ بشۆیت؟ چاوەکانم دەشۆیت؟ دەتانەوێت ببن بەو سستەرە بەسۆزە؟

کچەکە:

(دوودڵە، بەڵام ئەوەی ئەو داوای دەکات جێبەجێی دەکات)

خوێندکارەکە:

سوپاس هاوڕێ!

(جزدانەکەی دەردەهێنێت)

کچەکە:

(جووڵانەوەیەکی ڕەتکردنەوە دەکات)

خوێندکارەکە:

داوای لێبوردن دەکەم بۆ هەڵەشەییم، بەڵام من خەواڵووم.

کچەکە:

(دەڕوات)

پیرەمێرد:

(بۆ خوێندکارەکە)

بمبوورە بەوەی قسەت لەگەڵ دەکەم، بەڵام من گوێم لێ بوو کە تۆ دوێنێ شەو لە نێو ڕووداوێکی دڵتەزێندا بوویت... هەنوکە من دانیشتووم و لە ڕۆژنامەدا دەربارەی ئەو ڕووداوە دەخوێنمەوە...

خوێندکارەکە:

وا خێرا لەوێدا بڵاوکراوەتەوە؟

پیرەمێرد:

بەڵێ، هەر هەمووی، وێنەیەکی تۆشی تیایە، بەڵام ئەوان داخی ئەوە دەخۆن، کە نەیانتوانی بزانن ناوی ئەو خوێندکارە زیرەکە چی بوو...

خوێندکارەکە:

(تەماشای ڕۆژنامەکە دەکات)

ئاوەها؟ ئەوە منم! ئێ!

پیرەمێرد:

ئەوە کێ بوو ئێستا تۆ قسەت لەگەڵدا دەکرد؟

خوێندکارەکە:

نەتبینی؟

(پشوو)



پیرەمێرد:

بۆم هەیە داوای ئەوەت لێ بکەم ـ بزانم ـ ناوی بەڕێزتان چییە؟

خوێندکارەکە:

باشە دەبێ ئەوە یارمەتی چی شتێک بدات؟ من حەزم لەوە نییە ناسراو بم ـ ئەگەر پیاتا هەڵدرێت، ئەوا شکاندنەوەشی لەگەڵدا دێت ـ لەو بارەیەوە هونەری خۆ بەبچووک زانین گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز ـ لەسەر ئەوەشەوە، من داوای هیچ پاداشتێک ناکەم...

پیرەمێرد:

لەوانەیە تۆ دەوڵەمەند بیت؟

خوێندکارەکە:

بەهیچ شێوەیەک... بەپێچەوانەوە! من هەر زۆر هەژارم.

پیرەمێرد:

گوێ بگرە... من وا بزانم، گوێم لەو دەنگە بووە... هاوڕێیەکی تەمەنی لاوێتیم هەبوو، کە نەیدەتوانی بڵێت پەنجەرە، بەڵکو دەیگوت پونجەرە ـ من تەنها یەک جار تووشی کەسێک بووم بەو شێوەیە قسە بکات و ئەویش ئەو بوو؛ ئەوی تریشیان تۆیت ـ تۆ بڵێی وا نەبیت، کە تۆ خزمی ئارکینهۆلزی جوملەفرۆش بیت؟

خوێندکارەکە:

ئەوە باوکمە.

پیرەمێرد:

ڕێگاکانی چارەنووس زۆر سەیرن... من تۆم بەمنداڵی بینیوە، لە

ماوەی بارێکی ئێجگار ناخۆشدا...

خوێندکارەکە:

بەڵی. وەک ئاشکرایە هاوکات لەگەڵ لەدایکبوونی مندا خێزانەکەمان تووشی مایەپووچی بوو...

پیرەمێرد:

بەتەواوەتی وایە

خوێندکارەکە:

ڕەنگبێ بۆم هەبێت بپرسم ناوتان چییە؟

پیرەمێرد:

من هوممێلی بەڕێوەبەرم...

خوێندکارەکە:

ئاوەها ئەو...؟ هەنوکە دێتەوە بیرم.

پیرەمێرد:

تۆ گەلێک جار لە نێو خێزانەکەتدا گوێت لێ بووە ناوی من بهێنن؟

خوێندکارەکە:

بەڵێ!

پیرەمێرد:

لەوانەیە تا ئەندازەیەکیش بەبێزەوە ناویان هێنابم؟

خوێندکارەکە:

(هیچ ناڵێت)



پیرەمێرد:

بەڵێ، من لەو باوەڕەدام! ـ بێ گومان وتوویانە من باوکتم ماڵوێران کردووە؟ ـ هەموو ئەو کەسانەی بەهۆی قەبڵاندنی خراپەوە ماڵوێران دەبن، ماڵوێرانی خۆیان دەکەنە ئەستۆی ئەو کەسانەی ئەمان نەیانتوانیوە هەڵیانخەڵەتێنن.

(پشوو)

لە باری ئێستادا ئاوەهایە، باوکت هەڤدە هەزار کرۆنی منی خوارد، ئەو جارەیان ئەو پارەیە هەموو پاشەکەوتی من بوو.

خوێندکارەکە:

ئەوە کەوتۆتە سەر خۆت، چۆن دەکرێت ڕووداوێک بە دوو شێوەی ئاوەها دژ بەیەک بگێڕدرێتەوە.

پیرەمێرد:

بێ گومان تۆ لەو باوەڕەدایت، من درۆ بکەم؟

خوێندکارەکە:

باشە من باوەڕ بە چی بکەم؟ باوکم درۆی نەکردووە!

پیرەمێرد:

ئەوە زۆر ڕاستە، باوک هەرگیز درۆ ناکات... منیش باوکم، کەواتا...

خوێندکارەکە:

دەتەوێت بڵێی چی؟

پیرەمێرد:

من باوکتم لە چەرمەسەری ڕزگار کرد، ئەو پاداشتی منی بە

سوپاسێک زیاد لە ڕادە پڕاوپڕ بەهەموو ڕقێکەوە دایەوە... ئەو خێزانەکەی فێر کرد بە خراپە باسی من بکەن.

خوێندکارەکە:

لەوانەیە تۆ ئەوت بێ ئەمەک کردبێت، ئەویش وەک ڕوونە یارمەتییەکانی خۆتت بە سووکایەتی پێکردنێکی ناپێویست ژەهراوی کردبێت.

پیرەمێرد:

گەورەم، هەموو یارمەتیدانێک سووکایەتی پێکردنە.

خوێندکارەکە:

چیت لە من دەوێت؟

پیرەمێرد:

من داوای پارە ناکەم؛ بەڵام دەتوانی هەندێ چاکەی چکۆلانەم لەگەڵدا بکەیت، ئەو کاتە من هەقی خۆمم باش وەرگرتووە. وەک دەبینی من ئیفلیجم، هەندێک کەس دەڵێن خەتای خۆمە، هەندێکی تر دەیکەنە ملی باوانم، بۆ خۆم دەمەوێت باوەڕ بەوە بکەم، ئەوە خەتای خودی کەمینەکانی ژیانە، چونکە کاتێک مرۆ خۆی لە داوێک دوور دەخاتەوە، ئەوا دەکەوێتە نێو داوێکی ترەوە. هەروەها من ناتوانم بەقادرمەدا ڕاکەم، ناتوانم زەنگی دەرگا لێ بدەم، بۆیەکە بە تۆ دەڵێم: یارمەتیم بدە!

خوێندکارەکە:

من چیم پێ دەکرێت؟

پیرەمێرد:

پێش هەموو شتێ: پاڵێ بەئەسکەمیلەکەمەوە بنێ، بەشێوەیەکی



وەها تا من بتوانم ئافێشەکان ببینم و بیانخوێنمەوە؛ دەمەوێت بزانم ئەمشەو چی نمایش دەکرێت.

خوێندکارەکە:

(پاڵ بە ئەسکەمیلە چەرخدارەکەوە دەنێت)

هیچ کەسێکت لەگەڵدا نییە؟

پیرەمێرد:

با، بەڵام ئەو بەدوای کارێکدا ڕۆیشتووە... هەر ئێستا دەگەڕێتەوە... ئایا بەڕێزتان دکتۆرن؟

خوێندکارەکە:

نەخێر، من زمان دەخوێنم، بەڵام ئەوەی ڕاست بێت نازانم ببم بە چی...

پیرەمێرد:

وا نەڵێیت! ـ ماتماتیک دەزانیت؟

خوێندکارەکە:

بەڵێ، هەندێک.

پیرەمێرد:

چاکە! ـ لەوانەیە ئێوە بتانەوێت لە جێگایەک دابمەزرێن؟

خوێندکارەکە:

بەڵێ، بۆ نا؟

پیرەمێرد:

زۆر چاکە!

(ئافیشەکە دەخوێنێتەوە)

ئەمشەو ئۆپێرای ڤالکیرەکان پێشکەش دەکەن... ئەو کاتە کۆلۆنێل لەگەڵ کچەکەی لەوێن، لەبەرئەوەیش ئەو هەردەم لە پەڕی پەڕەوەی ڕیزی شەشەم دادەنیشێت، من تۆ بەتەنیشتییەوە دادەنێم... دەتوانی بچیتە نێو ئەو کۆسکی تەلەفونە و بلیتی کورسی ژمارە ٨٢ قۆرخ بکەیت؟

خوێندکارەکە:

ئەم ئێوارەیە بچم بۆ ئۆپێرا؟

پیرەمێرد:

بەڵێ! هەروەها تۆ گوێڕایەڵی من بیت، ئەوجا حاڵت باش دەبێت! من دەمەوێت تۆ بەختەوەر، دەوڵەمەند و سەربەرز بیت؛ ئەو نوخشەی کارکردنەی دوێنێی تۆ، کە کردنی بەو کەسەی ڕزگارکەرە چاونەترسە، سبەی ئەو کارە ئێوە بەناوبانگ دەکات و ئەو کاتە نێوی تۆش نرخێکی زۆری دەبێت.

خوێندکارەکە:

(دەچێتە نێو کۆسکی تەلەفونەکەوە)

ئەمە سەرکێشییەکی زۆر پێکەنیناوییە...

پیرەمێرد:

ئایا تۆ وەرزشکاری؟

خوێندکارەکە:

بەڵێ، ئەوەش بەدبەختی من بوو...

پیرەمێرد:

دەبێت ئەوەیان بگۆڕدرێت بۆ بەختیاری! تەلەفونەکەت بکە!



(پیرەمێرد ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە)

(ژنە ڕەشپۆشەکە هاتۆتە دەرەوە بۆ سەر شۆستەکە و لەگەڵ ژنە دەرگاوانەکە قسە دەکات؛ پیرەمێرد گوێ دەگرێ، بەڵام بینەران گوێیان لە هیچ نییە.)

خوێندکارەکە:

(دووبارە دێتەوە ژوورەوە)

پیرەمێرد:

ئەرێ جێبەجێ بوو؟

خوێندکارەکە:

جێبەجێ بوو.

پیرەمێرد:

ئەرێ تۆ ئەو خانووە دەبینیت؟

خوێندکارەکە:

بێ گومان من تێی ڕاماوم... دوێنێ بێرەدا ڕەت بووم، ئەو کاتە خۆر دیوی ناوەوەی جامەکانی ڕووناک کردبووەوە، ـ بەخەیاڵ خۆم کرد بە خاوەنی هەرچی جوانی و خۆشگوزەرانییەک، کە لە نێو ئەو ماڵەدا هەیە ـ بەهەڤاڵەکەم وت: ئەوەی ئێستا خاوەنی نهۆمێکە لەوێ، چوار نهۆم لە سەرەوە، ژنێکی جوان و گەنج، دوو منداڵی جوان و چکۆلانە، بیست هەزار کرۆنیش سەلەم...

پیرەمێرد:

وەهات وت؟ وەهات وت؟ تەماشاکە؛ منیش ئەو خانووەم خۆش دەوێت...

خوێندکارەکە:

کاری کڕین و فرۆشتنی خانوو دەکەیت؟

پیرەمێرد:

نا ـ ئا! بەڵام بەو شێوەیە نا کە تۆ مەبەستتە...

خوێندکارەکە:

تۆ ئەوانە دەناسی کە لە نێو ئەو خانووەدا دەژێن؟

پیرەمێرد:

هەموویان. لە تەمەنی کەسێکی وەکو مندا مرۆ هەموو کەسێک، باوکیان و باپیریان دەناسێت، مرۆ هەردەم بەشێوەیەک لە شێوەکان خزمایەتی لەگەڵیان هەیە ـ من وا ئێستا هەشتا ساڵم ـ بەڵام هیچ کەسێک، بەڕاستی من ناناسێت ـ من گرنگی بەچارەنووسی مرۆڤەکان دەدەم...

(پەردە دەڕابەیییەکە بۆ سەرەوە هەڵدەدرێتەوە: کۆلۆنێل بە جلی مەدەنییەوە بەدی دەکرێت؛ پاش ئەوەی تەماشای تەرمۆمێترەکە دەکات، دەچێتە ناوەوەی ژوورەکەوە و لە بەردەم پەیکەرە مەرمەڕییەکە ڕادەوەستێت.)

پیرەمێرد:

تەماشاکە، ئەوە کۆلۆنێلە، ئەوەی کە تۆ ئەمشەو لە تەنیشتیەوە دادەنیشیت...

خوێندکارەکە:

ئەوە ئەوە ـ کۆلۆنێل؟ من لە هیچ شتێکی ئا ئەمە تێناگەم، بەڵام ئەمە هەر بەداستانێکی ئەفسانەیی دەچێت...





پیرەمێرد:

هەموو ژیانی من وەکو کتێبێکی سەرگوزشتە وایە، گەورەم، هەرچەندە داستانەکان جیاوازن، بەڵام ئەوان بەشێوەیەک لە شێوەکان بەدەزوویەک بەیەکەوە بەستراون؛ هەروەها بابەتی دووبارەکراوە هەردەم لە دووبارەکردنەوەدایە.

خوێندکارەکە:

ئەو پەیکەرە مەرمەڕییەی ژوورەوە کێیە؟

پیرەمێرد:

ئەوە بێ گومان ژنەکەیەتی...

خوێندکارەکە:

ئەو ژنە هێندە ئازیز بووە؟

پیرەمێرد:

ها ـ ئا! ئا!

خوێندکارەکە:

دە بیڵێ دەی!

پیرەمێرد:

ڕۆڵە گیان، ئێمە ناتوانین مرۆڤێک بە شتێک تاوانبار بکەین! ـ هەروەها ئەگەر بێتو من بۆت بگێڕمەوە، ژنەکە تۆرا، ئەوەبوو کابرا ژنەکەی دارکاریی کرد، دووبارە گەڕایەوەماڵەوە، دووبارە شووی پێ کردەوە و وا ئێستاکە وەکو مۆمیاکراوێک لە نێو ئەو ماڵەدا دانیشتووە، پەیکەرەکەی خۆی دەپەرستێت، ئیتر تۆش لەو باوەڕەدایت من تێکچووم.

خوێندکارەکە:

من لەمە تێناگەم!

پیرەمێرد:

تێدەگەم! ـ ئیتر پەنجەرەی گوڵە سونبولەکانمان هەیە. ئەو کچەی لەو ژوورەدا دەژی... لە دەرەوەیە و خەریکی ئەسپسوارییە، بەڵام هەر ئێستا دەگەڕێتەوە ماڵ...

خوێندکارەکە:

ئەو ژنە ڕەشپۆشە کێیە، ئەوەی لەگەڵ دەرگاوانەکە قسەی دەکرد؟

پیرەمێرد:

بەڵێ، وەک دەبینی ئەوەیان کەمێک ئاڵۆزە، بەڵام ئەوە پەیوەندیی بەمردووەکەوە هەیە، لەو نهۆمەی سەرەوە، کە چەرچەفێکی سپی دەبینرێت...

خوێندکارەکە:

باشە مردووەکە کێ بوو؟

پیرەمێرد:

مرۆڤێک بوو، وەکو ئێمە، بەڵام ئەوەی بەچاو دەبینرا بەزۆری هیچوپووچێک بوو... ئەگەر بێتو ئێوە لە ڕۆژی یەکشەممە لە دایک بوویێتن، ئەوا هەر ئێستا دەبینن لە دەروازەکە دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی تەماشای ئاڵای کونسوڵخانەکە بکات، کە تا نیوەی دارئاڵاکە داگیراوە ـ هەڵبەتە ئەو کونسوڵ بووە و حەزی لە پارە و شێر بوو، دڵی بەوە دەکرایەوە پەڕ بەشەبقەکەیەوە



بێت و جلوبەرگەکەی بە شریتی ڕەنگاوڕەنگ ڕازابێتەوە.

خوێندکارەکە:

تۆ باسی منداڵی لە دایکبووی ڕۆژی یەکشەممە دەکەیت ـ ئەوەی ڕاست بێت من لە ڕۆژی یەکشەممەدا لە دایک بووم...

پیرەمێرد:

نا! ئایە تۆ...؟ من لەو بڕوایەدا بووم... من ئەوەم لە ڕەنگی چاوەکانت بەدی کرد... کەواتا ئێوە دەتوانن ئەوە ببینن، ئەو شتانەی کە خەڵکی تر نایبینن، ئایە خۆت هەستت بەوە کردووە؟

خوێندکارەکە:

من نازانم خەڵکی تر چی دەبینن، بەڵام هەندێ جار... بەڵێ، مرۆ ئەو شتە ناگێڕێتەوە!

پیرەمێرد:

من تا ڕادەیەک لەو کارەدا زانام! بەڵام تۆ دەتوانی ئەوە بۆ من بگێڕیتەوە... چونکە من لەو جۆرە شتانە تێدەگەم...

خوێندکارەکە:

بۆ نموونە دوێنێ... بەبێ هەستپێکردن بەرەو ئەو شەقامەی خانووەکەی تیا ڕما، ڕاکێشرام... هاتمە ئەوێ، بەرامبەر ئەو خانووەی کە هەرگیز پێشتر نەمبینیبوو ڕاوەستام... ئەو ساتە چاوم بەدرزێک لە خانووەکەدا کەوت، گوێم لێ بوو چۆن قرتەیەک لە بنمیچی نێوان نهۆمەکانەوە بەرزبووەوە؛ ڕامکردە پێشەوە و هاوارم لە منداڵێک کرد بێت بۆ لای من، کە لە بن دیوارەکە ڕێگەی دەکرد... لە چرکەساتی دوای ئەوە خانووەکە

دارِما... من ڕزگارم بوو، بەڵام لە باوەشی مندا، ئەو باوەشەی، کە من لەو باوەڕەدا بووم منداڵەکەی تیایە، هیچی تیا نەبوو...

پیرەمێرد:

دەبێ من ئەوە بڵێم... بێ گومان من لەو باوەڕەدام... دەمەوێت شتێ بۆ خۆم ڕوون بکەمەوە: بۆچی تۆ تۆزێ بەر لە ئێستا لە لای حەوزەکەوە، بەدەست و سەر خەریکی قسەکردن بوویت؟ هەروەها بۆچی لەبەر خۆتەوە قسەت دەکرد؟

خوێندکارەکە:

کچە شیرفرۆشەکەت نەبینی، کە من قسەم لەگەڵ دەکرد؟

پیرەمێرد:

(بەسەرسامییەوە)

کچە شیرفرۆشەکە؟

خوێندکارەکە:

بەڵێ بێ گومان، ئەوەی ئەسکۆکەی پێ دام.

پیرەمێرد:

ئاوەها؟ ئا بەو شێوەیە؟... ئێ باشە، من ناتوانم بیبینم، بەڵام من شتی تر دەزانم...

(ئێستا ژنێکی پرچ سپی دەبینرێت، لەبەر پەنجەرەکە دادەنیشێت و ئاوێنەیەکی پێیە و تیشک دەداتەوە)

تەماشای ئەو ژنەی بەر پەنجەرەکە بکە! دەبینیت؟ ـ زۆر چاکە! ئەو ژنە ڕۆژێک لە ڕۆژان، شەست ساڵ بەر لە ئێستا، دەزگیرانی من بوو... ئەو کاتە بیست ساڵان بووم. ـ مەترسە،



ئەو ئێستا من ناناسێتەوە! هەموو ڕۆژێک یەکتری دەبینین، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو کردارە هیچ کاریگەرییەکی بچووکی بەسەر ئێمەوە هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە سوێندی پەیمانی هەتا هەتاییمان بۆ یەکتری خواردبوو؛ هەتا هەتایی!

خوێندکارەکە:

ئای کە ئێوە نابەڵەد بوون، ئێوەی سەردەمی زوو! ئێستا ئێمە ئاوەها لەگەڵ کیژەکان قسە ناکەین.

پیرەمێرد:

بمانبوورە، ئەی لاو، ئێمە لەوە زیاترمان نەدەزانی! ـ بەڵام دەتوانی ئەوە ببینی، کە پێشتر ئەو پیرێژنە لاو و جوان بووە؟

خوێندکارەکە:

نابینرێت. بەڵام ئا، نیگایەکی جوانی بەلاوەیە، بەڵام من چاوی نابینم!

ژنە دەرگاوانەکە:

(بە سەبەتەیەکەوە دێتە دەرەوە و گەڵای وردیلەی کاژ دەبەخشێنێت)

پیرەمێرد:

ژنە دەرگاوانەکە، بەڵێ! ئەو خانمە ڕەشپۆشە کچیەتی لە کابرا مردووەکە، بۆیەکە مێردەکەی وەکو دەرگاوان دامەزرێندرا... بەڵام ئەو خانمە ڕەشپۆشە داخوازیکەرێکی هەیە. کە کەسێکی تایبەتە، چاوەڕوانی ئەوەیە دەوڵەمەند بێت؛ خەریکە جیا بیتەوە، ئەوەی ڕاست بێت، لە لایەن ژنەکەیەوە، خانوویەکی لە بەرد دروستکراوی پێ دەبەخشرێت بۆ ئەوەی لە کۆڵی بێتەوە. ئەو

کەسە داخوازیکەرە تایبەتە زاوای کابرا مردووکەیە، تۆ چەرچەفی سەر جێگاکەی دەبینی وا لەو سەرە لە بالکۆنەکە هەڵخراوە... من باوەڕم وایە، ئەمە زۆر ئاڵۆز بێت!

خوێندکارەکە:

ئەم باسە سامهێنەرانە و ئاڵۆزە!

پیرەمێرد:

ئا، بەڵی، ئەم شتە لە ڕووی دەرەوە و لە ڕووی ناوەوە ئاوەهایە، لەگەڵ ئەوەشدا ساکار دێتە پێش چاو.

خوێندکارەکە:

باشە ئەو مردووە کێ بوو؟

پیرەمێرد:

تۆ هەر تۆزێ بەر لە ئێستا پرسیارت کرد و منیش وەڵامم دایتەوە؛ دەتوانیت ئەودیوی سووچەکە ببینیت، لەو جێگایەی سفرەچییەکەی لێیە، ئەوا کۆمەڵێ خەڵکی هەژارت بەرچاو دەکەوێت، کە ئەو، ئەو کاتەی بەئاوەزیدا هاتبێت... یارمەتی دەدان...

خوێندکارەکە:

ئایە ئەو کاتە ئەو مرۆڤێکی بەسۆز بووە؟

پیرەمێرد:

بەڵێ... هەندێ جار.

خوێندکارەکە:

هەردەم نا؟



پیرەمێرد:

نااا!!... ئیتر مرۆڤ ئاوەهایە! گوێ بگرە، گەورەم، کەمێک پاڵ بەگالیسکەکەوە بنێ، بۆ ئەوەی بچینە بەر خۆرەکە، من بەشێوەیەکی ترسناک سەرمامە؛ گەر مرۆ هەرگیز بۆی نەبێت خۆی بجووڵێنێت، ئەوا خوێنی دەیبەستێت ـ من بەم نزیکانە دەمرم، من دەزانم، بەڵام بەر لەوە هەندێک شت هەیە دەبێت جێبەجێیان بکەم ـ دەستم بگرە، ئەوجا هەست بەوە دەکەیت، کە من چەند ساردم.

خوێندکارەکە:

ساردیی دەستت مامناوەندی نییە!

(بەرەو پشت دەڕوات)

پیرەمێرد:

بەجێم مەهێڵە، ماندووم، تەنیام، بەڵام من هەردەم ئاوەها نەبووم، تێدەگەیت؛ من ژیانێکی بێ کۆتایی درێژم لە دواوەیە ـ بێ کۆتایی ـ من مرۆڤەکانم ناشاد کردووە و مرۆڤەکانیش منیان ناشاد کردووە، هەریەکەیان ئەوی تریان هاوسەنگ دەکات ـ بەڵام بەر لەوەی بمرم، ئەوا دەمەوێت تۆ بەبەختەوەر ببینم... چارەنووسی هەردووکمان بەهۆی باوکتەوە بەیەکەوە گرێدراوە و ـ گەلێ شتی زۆری تر...

خوێندکارەکە:

بەڵام دەستم بەردە، تۆ هێزم لەبەر دەبریت، تۆ من ڕەق دەکەیتەوە، چیت دەوێت؟

پیرەمێرد:

دان بەخۆدا گرتن، ئەوجا خۆت دەبینیت و تێدەگەیت... ئەوە خاتوون لەوێوە هات...

خوێندکارەکە:

کچەکەی کۆلۆنێل؟

پیرەمێرد:

بەڵێ! کچەکەی! تەماشای کە! ئایە تۆ شاکارێکی لەو بابەتەت بینیوە؟

خوێندکارەکە:

هەر دەڵێی پەیکەرە مەرمەڕییەکەی ناو ماڵەکەیە...

پیرەمێرد:

ئێ ئەوە دایکێتی!

خوێندکارەکە:

تۆ ڕاست دەکەیت ـ من هەرگیز ژنێکی لەو بابەتەم نەبینیوە لە ژنەوە لە دایک بووبێت. ـ خۆشبەختە ئەوەی ئەو کیژەی دەست دەکەوێت و دەیباتە بەر سەکۆی پەرستگا و دەیباتەوە بۆ ماڵەوە!

پیرەمێرد:

تۆ دەتوانیت ئەو شتە بەدی بێنیت! ـ هەموو کەسێک جوانیی ئەویان نەدۆزیوەتەوە... بێ گومان، ئەو شتە لە ئینجیلدا نووسراوە!

*

خاتوون:

(لە لای چەپەوە بەتۆی کراسێکی ئەمەزۆنی تازەباوی



ئینگلیزییەوە دێتە ژوورەوە، لەسەرەخۆ، بەبێ ئەوەی تەماشای کەسێک بکات، بەرەو دەروازەکە ڕێدەکات، لەبەر دەروازەکە دەوەستێت و یەک دوو وشە بە ژنە دەرگاوانەکە دەڵێت، پاش ئەوە دەچێتە ژوورەوە بۆ نێو خانووەکە)

خوێندکارەکە:

(دەستی گرتووە بەچاوییەوە)

پیرەمێرد:

دەگریت؟

خوێندکارەکە:

لە بەرامبەر ئەم نائومێدییە تەنیا نائومێدی بوونی هەیە!

پیرەمێرد:

من دەتوانم دەرگا و دڵت بۆ بکەمەوە، بۆ ئەو کارەش تەنها ئەوەندە بەسە ئەگەر بێتو دەستێک بۆ ویستەکانم ببینمەوە... خزمەتی من بکەیت، دەسەڵاتت پێ دەدرێت...

خوێندکارەکە:

ئەمە جۆرە پەیماننامەیەکە؟ دەبێت من ناخی خۆم بفرۆشم؟

پیرەمێرد:

هیچ شتێک نافرۆشرێت! ـ دەبینی من سەراپای ژیانم هەر وەرمگرتووە، ئێستاش ئارەزوویەکم هەیە بۆ ئەوەی بتوانم ببەخشم! بەڵام هیچ کەسێ نایەوێت لێم وەرگرێت... من دەوڵەمەندم، زۆر دەوڵەمەندم، بەڵام هیچ میراتگرێکم نییە، با، هیچوپووچێک هەیە، کە لە ڕادەبەدەر ژیانم لێ ناڕەحەت دەکات... وەرە ببە بە کوڕی من، بەزیندوویی ببە بە میراتگرم،

چێژ لە بوون ببینە. ئەوجا من هەر نەبێت لە دوورەوە دەتوانم ئەوە ببینم.

خوێندکارەکە:

باشە من چی بکەم؟

پیرەمێرد:

پێش هەموو شتێ برۆ و گوێ لە ڤالکیرەکان بگرە!

خوێندکارەکە:

ئێ ئەو شتەیان یەکلا بۆتەوە ـ چی تر؟

پیرەمێرد:

دەبێ ئەمشەو لەو ماڵە و لە نێو سالۆنە خڕەکە دابنیشیت!

خوێندکارەکە:

من چۆن دەگەمە ئەو جێگایە؟

پیرەمێرد:

بەهۆی ڤالکیرەکانەوە!

خوێندکارەکە:

باشە تۆ بۆچی بەتەنیا منت هەڵبژاردووە بۆ ئامرازی پڕوپاگەندەت؟ تۆ پێشتر منت ناسیوە؟

پیرەمێرد:

بەڵێ، بێ گومان! من ماوەیەکی زۆرە چاوم بەدواتەوە بووە... بەلام ئیستا سەیری ئەوێ بکە، تەماشای بالکۆنەکە بکە، بزانە چۆن خاتوون پاش مەرگی قونسول ئالاکە تا ناوەند هەڵدەکات و... دوایی چەرچەفی قەرەوێڵەکە هەلاوەدیو دەکات... بنمیچە



شینەکە دەبینیت؟ ـ ئەوە بۆ دوو کەس کراوە لە ژێریدا بنوون، بەلام ئێستا تەنیا بۆ یەک کەسە...

(ئێستا خاتوون دەبینرێت جلی گۆڕیوە و ئاوی گوڵە سنبولەکانی نێو پەنجەرەکە دەدات)

ئەوەتانێ کچە چکۆلانەکەی من، تەماشای کە، تەماشا! لەگەڵ گوڵەکان قسە دەکات، ئەرێ ئەو خۆی لە گوڵە سنبولە شینەکە ناچێت؟... ئاویان دەدات، تەنها ئاوی سازگار، ئەوانیش ئاوەکە دەگۆڕنەوە بۆ ڕەنگ و بۆی خۆش... ئێستا کۆلۆنێلیش بەڕۆژنامەکەیەوە دێت! ـ خانووە تەپیوەکەی نیشان دەدات... ئێستا پەنجە بۆ وێنەکەی تۆ درێژ دەکات! ئەو کچە کەسێک نییە گوێ بە شت نەدات... ئەوەتانێ دەربارەی کارە بوێرییەکە دەخوێنێتەوە... لەو بڕوایەدام هەورەکەی هێنایەوە، بیر بکەرەوە گەر باران دابکات، ئەوا من لە جێگایەکی جوان دانیشتووم، گەر یۆهانسۆن خێرا نەگەڕێتەوە...

(دەیکات بەهەور و تاریکی دادێت؛ پیرێژنەکەی تەنیشت ئاوێنە تیشکدەرەوەکە پەنجەرەکەی دادەخات)

ئێستا دەزگیرانەکەم پەنجەرەکە دادەخات... بیست و نۆ ساڵ ئاوێنەی تیشکدەرەوە تاقە ئاوێنەیەکە ئەو بەکاری دەهێنێت، چونکە لە نێو ئەو ئاوێنەیەدا وێنەی خۆی نابینێت، تەنها دونیای دەرەوە و لە دوو لاوە، بەلام دونیا دەتوانێت ئەو ببینێت، ئەو بیری لەوەیان نەکردووەتەوە... هەرچۆنێک بێت پیرەژنێکی جوانە...

(ئێستا مردووەکە بە کفنەکەیەوە دەبینرێت و لە دەروازەکە دەچێتە دەرەوە)

خوێندکارەکە:

خوای گەورە، ئەوە چییە من دەیبینم؟

پیرەمێرد:

چی دەبینی؟

خوێندکارەکە:

چییە نایبینی، لە نێو دەروازەکە، مردووەکە؟

پیرەمێرد:

من هیچ نابینم، بەڵام من چاوەڕوانی ئا ئەو شتە بووم! بیگێڕەوە...

خوێندکارەکە:

دەچێتە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکە...

(پشوو)

ئێستا ڕووی وەردەچەرخێنێ و تەماشای ئاڵاکە دەکات.

پیرەمێرد:

من چیم وت؟ بێ گومان ئەو دەست بەژماردنی تاجە گوڵینەکانیش دەکات، کارتەکانی میوانداریش دەخوێنێتەوە... نەفرەت لەوەی ون بووە!

خوێندکارەکە:

ئێستا چووە سووچەکەوە...

پیرەمێرد:

دەست بە ژماردنی هەژارەکانی سەر پێپلیکانەکانی هەژارخانەکە دەکات... هەژارەکان چاک دیکۆر دروست دەکەن: "لە لایەن زۆربەیانەوە ڕەحمەتی بۆ دەنێردرێت"، بەڵێ، بەڵام من



هەرگیز ڕەحمەتی بۆ نانێرم! ـ بەینی خۆمان بێت، زۆڵێکی عەجایەب گەورە بوو...

خوێندکارەکە:

بەڵام خێرەومەند...

پیرەمێرد:

خێرەومەندکەرێکی زۆڵ، هەردەم بیری لە بەخاک سپاردنێکی جوانیی خۆی دەکردەوە... ئەو کاتەی هەستی بەوە کردبوو، کۆتایی بەدوایەوە لۆقەلۆق دەکات، پەنجا هەزار کرۆنی لە میهری ڕووتانەوە... ئێستا وا کچەکەی لەوێکانێ شووی بەکەسێکی تر کردووە و بیر لە میراتەکەی دەکاتەوە... ئەو زۆڵە، گوێی لە هەموو شتێکە کە ئێمە دەیڵێین، بێ گومان ئێمەش دۆعای خێری بۆ دەکەین ـ ئەوە یوهانسۆن لەوێوە هات!

یوهانسۆن:

(لە لای چەپەوە دێتە ژوورەوە)

پیرەمێرد:

(بەبێ ئەوەی کەس گوێی لە دەنگی بێت، قسە دەکات)

پیرەمێرد:

ئاوەها لە ماڵ نییە؟ تۆ خوێڕیت! ـ ئەی تەلەگرافەکە؟ ـ هیچ شتێک!... دوای ئەوە!... کاتژمێری شەشی ئەمشەو! ـ ژمارەی زیادەی ڕۆژنامەکە؟ ـ هەر هەموو ناوەکە بڵاوکراوەتەوە! ئارکینهۆلزی خوێندکار، لە دایکبووی... باوانی... زۆر باشە... من وای بۆ دەچم بیکات بەباران... نەیوت ئەوە چ جۆرێکە؟... ئاوەها،

ئاوەها! ـ ئەو نایەوێت؟ ـ ئەوجا پێویستە ئەوە بکات! ـ ئەوە نەجیبزادەکەیە لەوێوە هات! ـ یوهانسۆن، پاڵم پێوەنێ بۆ سووچەکە، ئەوجا دەتوانم گوێم لێ بێت ئەو هەژارانە چی دەڵێن... ئارکینهۆلز ئا لێرە چاوەڕێی من دەبێت... لەو شتە تێدەگات! ـ خێراکە! خێراکە!

یوهانسۆن:

(پاڵ بەکورسییەکەوە دەنێت بۆ سووچەکە)

*

خوێندکارەکە:

(وەستاوە و سەرنجی خاتوون دەدات، کە خەریکە خۆڵی نێو گوڵدانەکان شەنچە دەکات)

*

نەجیبزادەکە:

(بە جلی تەعزێبارییەوە دێتە ژوورەوە، لەگەڵ خانمە ڕەشپۆشەکە قسە دەکات، ئەوەی بەسەر شۆستەکەدا ڕێگای دەکرد)

بەڵێ، بەڵێ، ئێمە چیمان پێ دەکرێت؟ تەنیا چاوەڕوانیمان بۆ هەیە!

خانمەکە:

من لە توانامدا نییە چاوەڕوان بم!

نەجیبزادەکە:

نا، وای لێهاتووە؟ کەوابوو سەردانێکی لادێ بکە!



خانمەکە:

نامەوێت

نەجیبزادەکە:

وەرە ئێرە، دەنا ئەوان گوێیان لەوە دەبێت ئێمە باسی چی دەکەین.

(ئەوان دەچنە لای ستوونی ئافیشەکان و بەبێ ئەوەی کەس گوێی لێیان بێت، بەردەوام دەبن لە گفتوگۆ).

*

یوهانسۆن:

(لە لای چەپەوە دێتە ژوورەوە؛ بۆ لای خوێندکارەکە)

خوێندکارەکە:

(لەسەرەخۆ)

گوێ بگرە ـ لە پێشدا پێم بڵێ: ئاغا کێیە؟

یوهانسۆن:

بەڵێ! ئەو گەلێک شتە و هەموو شتێکیش بووە.

خوێندکارەکە:

ئەرێ ئەو کابرایەکی هۆشیارە؟

یوهانسۆن:

بەڵێ! ئەوە چییە؟ ـ ئەو لە هەموو ژیانیا بەدوای منداڵێکی لەدایکبووی ڕۆژێکی یەکشەممەدا وێڵە، خۆی وا دەڵێت، بەڵام لەوانەیە ئەوە واش نەبێت...

خوێندکارەکە:

چی دەوێت، چاوچنۆک نییە؟

یوهانسۆن:

ئەو دەسەڵاتی دەوێت... بەو ڕۆژگارە لە نێو ئەو فایتۆنە جووت تایەیەدا وەکو تور[٣]ی خواوەند لەو دەوروبەرە دەسووڕێتەوە... تەماشای خانوو دەکات، دەیانڕووخێنێت، شەقام دەکاتەوە، مەیدان دروست دەکات؛ لە پەنجەرەوە خۆی دەکات بەژوورەوە، بەچارەنووسی خەڵک یاری دەکات، دوژمنەکانی خۆی دەکوژێت و هەرگیز لە کەس نابوورێت ـ ئایە بەڕێزتان دەتوانن ئەوە بێننە خەیاڵی خۆتان کە ئەو پیاوە بچووک و شەلە دۆن خوان بووبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم ژنەکانی دۆڕاندووە؟

خوێندکارەکە:

باشە چۆن ئەو شتانە لەگەڵ یەکتری ڕێک دەکەون؟

یوهانسۆن:

ئەزانی چۆن، ئەو کابرایە ئەوەندە پوشتە، ئەو کاتەی لە ژنەکان بێزار دەبێت، وایان لێ دەکات بەجێی بهێڵن... هاوکات، ئێستاکە وەکو ئەسپدزێک لە مەیدانی مرۆڤفرۆشتندا، بەگەلێک شێوە، ناخی مرۆڤ دەدزێت... منی بەتەواوەتی لە دەستی دادگا بنبڕ دزیوە... ئەوەی ڕاست بێت من بەتاوانێکی چاوبەستە هەستاوم، ئێ ێ ی، کە بەتەنها ئەو بەو شتەی دەزانی؛ ئیتر لەجیاتی ئەوەی بمکاتە ژوورەوە، کردمی بەبەندە، من تەنها بەنانەزگ بەندێتی دەکەم، نانی ئەو باشترین نان نییە...



خوێندکارەکە:

ئێ باشە دەیەوێت چی بکات لە نێو ئەو خانووە؟

یوهانسۆن:

بەڵێ، دەزانی چی من نامەوێت ئەوە بڵێم! ئەوەیان گەلێک ئاڵۆزە.

خوێندکارەکە:

من لەو باوەڕەدام، کە من دەبێ خۆمی لێ دوورخەمەوە...

یوهانسۆن:

تەماشاکە خاتوون لە تۆی پەنجەرەکەوە، بازنگەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە...

خاتوون:

(لە تۆی پەنجەرە کراوەکەوە بازنگەکەی لە دەست دەکەوێتە خوارەوە)

خوێندکارەکە:

(لەسەرەخۆ دەچێتە پێشەوە و بازنگەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیداتەوە دەستی خاتوون، کە بە وشکی سوپاسی دەکات. خوێندکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ لای یوهانسۆن)

یوهانسۆن:

ئاوەها، بیر لەوە دەکاتەوە بڕوات... ئەو شتە هێندە ئاسان نییە، وەک هەندێک لەو بڕوایەدان، هەر کاتێک ئەو تۆڕەکەی لە سەری یەکێک توند کرد.. ئیتر ئەو لە نێوان ئەرز و ئاسمان لە هیچ شتێک ناترسێت... با، لە شتێک، یا ڕاستتر لە کەسێک...

خوێندکارەکە:

تۆ ڕاوەستە، لەوانەیە من بزانم!

یوهانسۆن:

تۆ چۆن ئەوە دەزانیت؟

خوێندکارەکە:

من هەڵیدێنم! ـ ئایە ئەو کەسە... کچێکی شیرفرۆشی چکۆلانە نییە ئەو لێی دەترسێت؟

یوهانسۆن:

ئەو هەردەم ئەو کاتەی بەرەو ڕووی عەرەبانەی شیر دەبێتەوە، ڕووی وەردەچەرخێنێ، ئیتر بەدەم خەوەوە قسە دەکات، بێ گومان ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هامبۆرگ بووە...

خوێندکارەکە:

مرۆ دەتوانێت باوەڕ بەم کابرایە بکات؟

یوهانسۆن:

مرۆ دەتوانێت لە هەموو شتێکدا باوەڕی پێ بکات!

خوێندکارەکە:

باشە ئێستا ئەو لەو سووچە خەریکی چییە؟

یوهانسۆن:

ئەو گوێ لە هەژارەکان دەگرێت... ڕستەیەکی کورت تۆو دەکات، هەر جارەو بەردێکی چکۆلانە دەردەهێنێت، تاوەکو خانووەکە دەڕووخێت... وا بیهێنە بەرچاوت، بڵێین... دەبینی، من پیاوێکی ڕۆشنبیرم و کتێبفرۆش بووم... چییە هەنووکە دەتەوێت بڕۆیت؟





خوێندکارەکە:

بۆ من سەختە بێ ئەمەک بم... ئەم پیاوە جارێکیان باوکمی ڕزگار کردووە، ئێستا داوای ئەوەم لێ دەکات چاکەکەی بدەمەوە...

یوهانسۆن:

داواکەی چییە؟

خوێندکارەکە:

دەبێ بڕۆم و تەماشای ڤالکێرەکان بکەم...

یوهانسۆن:

من لەوە تێناگەم... بەڵام ئەو هەردەم خەریکی دۆزینەوەی شتی تازەیە... تەماشاکە، ئێستا لەگەڵ پۆلیس قسە دەکات... هەردەم خۆی بەپۆلیسەوە هەڵدەواسێ، کاریان پی ڕادەسپێرێت، بەهۆی شتێکەوە، کە ئەوان گرنگیی پێ دەدەن، تێکەڵی نێو ئەو کارەیان دەکات، بەپەیمانی درۆزنانە و چاوبەستکردن گرێیان دەدات بەو کارەوە، بەهەموو ئامرازێکی سەیرەوە بۆ ئەو کارە پەمپیان دەدات. ئەو شتە بەچاوی خۆت دەبینی، کە ئەو بەر لەوەی شەو دابێت، لە نێو ئەو ساڵۆنە پێشوازی لێ دەکرێت.

خوێندکارەکە:

چی لەوێ دەوێت؟ چ شتێکی لەگەڵ کۆلۆنێلدا هەیە؟

یوهانسۆن:

بەڵێ... من درکم بەو شتە کردووە، بەڵام نازانم! تۆ بۆ خۆت ئەوە دەبینیت، ئەو کاتەی خۆت چوویتە ئەوێ!...

خوێندکارەکە:

من هەرگیز ناگەمە ناو ئەوماڵەوە...

یوهانسۆن:

ئەوە دەکەوێتە سەر خۆت! برۆ بۆ ڤالکیرەکان...

خوێندکارەکە:

ئایە ئەوە ڕێگای ئەو شتەیە؟

یوهانسۆن:

بەڵێ، کاتێک خۆی ئەو شتە بڵێ! تەماشای کە، تەماشای پیرەمێرد بکە، تەماشای گالێسکە جەنگییەکەی بکە، لە کاتی سەرکەوتندا لە لایەن سواڵکەرەکانەوە پاڵی پێوەدەنرێت، کە یەک فلس چییە، وەرناگرن، بەڵکو تەنها چمکێکی ئەو پارەیە دەدرێت بەو کەسەی لە ناشتنی ئەودا ڕێگا دەکات!

پیرەمێرد:

(بەوەستاوی لەسەر کورسییەکەی دێتە ژوورەوە، لە لایەن سواڵکەرێکەوە پاڵی پێوەدەنرێت، ئەوانی تر شوێنی کەوتوون)

ستایش بۆ ئەو کوڕیژە جوانەمێردە، لە کارەساتەکەی دوێنێدا، مەترسی خستە سەر ژیانی خۆی و گەلێ خەڵکی ڕزگار کرد! سلاوت لێ بێ، ئارکینهۆلز!

سواڵکەرەکە:

(کلاوەکەی لەسەر خۆی دادەکەنێت بەلام بەبێ ئەوەی با بژێت بلێت)

خاتوون:

(لەبەر پەنجەرەکەدایە، دەستەسڕەکەی ڕادەوەشێنێت)



کۆلۆنێل:

(سەری لە پەنجەرەکەی خۆیەوە دەردەهێنێت و زەق زەق تەماشا دەکات)

پیرەژن:

(لە بەرپەنجەرەکەی خۆیەوە هەڵدەسێتە سەرپێ)

پاکیزە:

(ئالای باڵکۆنەکە بۆ ترۆپک هەڵدەکات)

پیرەمێرد:

چەپڵە لێدەن، ئەی هاونیشتمانان، ئەوەی ڕاست بێت ئەمڕۆ ڕۆژی یەکشەممەیە، بەلام کەر لە نێو بیرەکەدا و گوڵەگەنمیش لە دەغڵەکەوە ڕەهایەتیمان پێ دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەهیچ شێوەیەک من لەدایکبووی ڕۆژی یەکشەممە نیم، ئەوا هەم خاوەنی گیانی فاڵگرتنەوەم و هەمیش دکتۆری، چونکە من جارێک لە جاران کەسێکی خنکاوم بانگ کردەوە بۆ نێو ژیان... بەڵێ، ئەوە لە هامبۆرگ ڕووی دا لە پێش نیوەڕۆیەکی ڕۆژی یەکشەممەی وەکو ئێستادا...

*

کچە شیرفرۆشەکە:

(دێتە ژوورەوە، بەتەنها لە لایەن خوێندکارەکە و پیرەمێرد دەبینرێت؛ وەکو کەسێک خەریکە لە نێو ئاودا بخنکێت دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و یاری بەپیرەمێرد دەکات)

پیرەمێرد:

(دادەنیشێت. دوای ئەوە لە ترساندا لە جێی خۆی لە نێو

کورسییەکە بچووک دەبێتەوە)

یوهانسۆن! پاڵ بەکورسییەکەمەوە بنێ و دوورم خەرەوە لێرە! ـ
خێرا ئارکینهۆلز، ڤالکیرەکانت لە بیر نەچێت!

خوێندکارەکە:

هەموو شتەکە هەر ئەوەندە بوو؟

یوهانسۆن:

با بزانین چۆن دەبێت! با بزانین چۆن دەبێت!

پەردە دادەدرێتەوە



## ٢

لە نێو سالۆنە خڕەکەی نهۆمی خوارەوە: لەبەری پشتەوەی شانۆکەدا موغەیریی[٤]ـەک بەکاشی ساف وەکو ئاوێنە لەگەڵ بەندۆڵ و مۆمدانێک، کە چەند پەلێکی پێوەیە؛ لە لای ڕاستەوە دالانێک دەڕوانێتە سەر ژوورێکی سەوز کە کەلوپەلەکانی نێوی لە داری ماهون دروست کراون؛ لە لای چەپەوە پەیکەرەکەی لێیە بەدارخورما سێبەری بۆ کراوە، بەپەردەیەکیش شاردراوەتەوە؛ لە بەری چەپی پشتەوەی شانۆکەوە دەرگایەک بۆ ژووری گوڵە سونبولییەکان، لەوێدا خاتوون دانیشتووە و دەخوێنێتەوە. مرۆ لە پشتەوە کۆلۆنێل دەبینێت لەوێ لە نێو ژوورە سەوزەکە دانیشتووە و خەریکی نووسینە.

بێنگتسۆن

(خزمەتکارە جلی خزمەتکردنی لەبەردایە، لە دالانەکەوە دێت و جلی ڕەسمی و ملپێچێکی سپیی یوهانسۆنی بەدەستەوەیە)

هەنووکە دەبێت یوهانسۆن خواردنەکان لەسەر مێزەکە دابنێت و لە کاتی نانخواردندا بەردەستییان بکات. ئەرێ جەنابتان جارێک لە جاران کاری ئاوەهاتان کردووە؟

یوهانسۆن:

وەک ئێوەی بەڕێز دەزانن، کە من ڕۆژانە پاڵ بە دەبابەیەکەوە دەنێم، بەڵام بە شێوان لە داوەتکارییەکاندا بەردەستی دەکەم، هەمیشە خەونی من ئەوە بوو بێمە نێو ئا ئەم خانووەوە...

خەڵکێکی سەیرن، ها؟

بێنگتسۆن:

ئا ـ ا، مرۆ دەتوانێت وا بڵێت، ئەوان کەمێک نایاسایین.

یوهانسۆن:

شێوێکی مۆسیقییە، یاخود دەبێت ببێت بە چی؟

بێنگتسۆن:

ئەمشەو شێوە ئاساییەکەیە، ئێمە پێی دەڵێین شێوی تارمایی. چا دەخۆنەوە و وشەیەک چییە نایڵێن، یاخود کۆلۆنیل بەتەنیا قسە دەکات و؛ ئەوانیش هەر هەموویان لە هەمان کاتدا خەریکی خرماندنی وردەنانن، ئەو خرمە خرمە هەر بەدەنگی جرجی نێو ئیدارەیەکی ژێر بنمێچ دەکات.

یوهانسۆن:

باشە بۆچی ئەو شێوە بەشێوی تارمایی نێودەبرێت؟

بێنگتسۆن:

ئەوان هەروەکو تارمایی دێنە پێش چاو... ئەمە بیست ساڵە ئەمانە خەریکی ئەمەن، هەردەم هەمان ئەو مرۆڤانەن، کە هەمان شت دەڵێنەوە، یا وەکو دەمیان دادەخەن بۆ ئەوەی لە داوەشین ڕزگاریان بێت.

یوهانسۆن:

ئەی باشە ئەم ماڵە کەیوانوویەکی تیا نییە؟

بێنگتسۆن:

با، بەڵێ، بەڵام کەیوانووەکە زۆر گەمژەیە؛ ئەو ژنە لە نێو ژووری



جلوبەرگەکان دادەنیشێت، چونکە چاوی بەرگەی ڕووناکی ناگرێت... ئەو لێرە لە نێو ئا ئەمە دادەنیشێت...

(دەست بۆ دەرگایەک لە کاغەزی دیکۆر دروستکراوی نێو دیوارەکە درێژ دەکات)

یوهانسۆن:

لە نێو ئەمە؟

بێنگتسۆن:

بەڵێ، ئێ من نەموت ئەوان کەمێک نائاسایین...

یوهانسۆن:

باشە ئەو چۆن دێتە پێش چاو؟

بێنگتسۆن:

هەروەکو مۆمیاکراوێک... جەنابتان دەتانەوێت تەماشای بکەن؟

(دەرگا لە کاغەزی دیکۆر دروستکراوەکە دەکاتەوە)

دەبینیت ئەوەتا کەیبانوو لەوێ دانیشتووە!

یوهانسۆن:

بسم الله.

*

مۆمیاکراوەکە:

(هۆرە دەکات)

بۆچی ئەو کابرایە دەرگاکە دەکاتەوە، من نەموتووە دەبێ ئەو دەرگایە داخراو بێت.

بێنگتسۆن:

(تەڕبێژی دەکات)

تا، تا، تا، تا، لوللەی نازدار دەبێ ئێستا بەسۆز بێت، ئەوجا شتێکی خۆشی پێ دەدرێت ـ تووتی جوان!

مۆمیاکراوەکە:

(وەکو تووتییەک)

تووتی جوان! ئەرێ یاکوب لەوێیە؟ کوڕڕڕڕی!

بێنگتسۆن:

ئەو ژنە لەو باوەڕەدایە، کە خۆی تووتیە و ئیتر دەگونجێت ئەوە ئاوەها بێت. (بەمۆمیاکراوەکەوە) پۆلی، کەمێ فیکەمان بۆ لێ بدە!

مۆمیاکراوەکە:

(فیکە دەکێشێت)

یوهانسۆن:

من زۆر شتم بینیوە، بەڵام هەرگیز هاوتای ئەم شتەم نەبینیوە!

بێنگتسۆن:

دەبینی، کاتێک خانوویێک کۆن دەبێت، ئەوجا کەڕوو دەگرێت، کاتێک مرۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە دانیشن و ئازاری یەکتری بدەن، ئەوسا ئەوان تێکدەچن. ئەم خانمەی نێو ئەم ماڵە ـ پۆلی بێ دەنگ بە! ـ ئەم مۆمیاکراوە چل ساڵە لە نێو ئەم خانووە دانیشتووە ـ هەمان پیاو، هەمان مۆبیلە، هەمان خزم، هەمان هاوڕێ...

(دەرگا لەسەر مۆمیاکراوەکە دادەخاتەوە...)

چی لەم خانووەدا ڕووی داوە ـ مەگەر هەر خوا بیزانێت...



تەماشای ئەو پەیکەرە بکە... ئەوە خانمە بە لاوی!

یوهانسۆن:

ئەی خوای گەورە! ئا ئەمە مۆمیاکراوەکەیە؟

بێنگتسۆن:

بەڵێ! ـ ئەمە هی ئەوەیە بۆی بگریت! ـ بەڵام ئەم خانمە، بەهۆی دەسەڵاتی خەیاڵپڵاویی یاخود شتی لەو بابەتەوە هەندێ لە سیفاتی تووتییەکی چەنەبازی وەرگرتووە ـ لە ئەنجامدا ئەو شتە وای لێ دەکات نە تاقەتی کەسێکی گۆج و نە کەسێکی نەخۆشی نەبێت... ئەو تاقەتی کچەکەی خۆی نییە. چونکە کچەکەی نەخۆشە...

یوهانسۆن:

ئەرێ خاتوون نەخۆشە؟

بێنگتسۆن:

بۆچی جەنابتان بەوەتان نەزانیوە؟

یوهانسۆن:

نەخێر!... ئەی کۆلۆنێل، ئەو کێیە؟

بێنگتسۆن:

بێ گومان بەخۆتان ئەو شتە دەبینن!

یوهانسۆن:

(سەرنجی پەیکەرەکە دەدا)

بیرکردنەوە لەو شتە تەزوو بە لەشدا دەهێنێ. دەبێ ئێستا خانم تەمەنی چەند بێت؟

بێنگتسۆن:

کەس نازانێ... بەڵام دەگێڕنەوە، ئەو کاتەی تەمەنی سی و پێنج ساڵ بوو، بەنۆزدە ساڵان دەچوو و کۆلۆنێلیشی کردبووە سەر ئەو خەیاڵەی، کە ئەو تەمەنی ئەوەندەیە... لێرە لەمماڵەدا... جەنابتان دەزانن ئەو پەردە ژاپۆنییە ڕەشەی تەنیشت قەنەفە شیلۆنگەکە بۆچی بەکار دەهێنرێت؟ ئەوە بەپەردەی مەرگ نێودەبرێت، بەتەواوەتی هەروەکو نەخۆشخانە، لەبەر ئەو کەسەدا دادەدرێتەوە، کە لە سەرەمەرگدایە...

یوهانسۆن:

ئای کە ماڵێکی تۆقێنەرە... خوێندکارەکەش ئاواتەخوازی ئەوەیە، کە بێتە ئێرە، هەروەک ئەوەی بچێتە بەهەشتەوە...

بێنگتسۆن:

کام خوێندکار؟ ئاها ئەو! ئەوەی ئەمشەو دێت بۆ ئێرە... کۆلۆنێل و خاتوون لە ئۆپێرا ڕێکەوتیان کردووە، هەردووکیشیان ئەفسونی ئەو بوون... همم!... بەڵام ئێستاش نۆرەی منە پرسیار بکەم: بەگی جەنابتان کێیە؟ بەڕێوەبەری سەر کورسییە چەرخدارەکە...؟

یوهانسۆن:

ئا! بەڵێ! بۆچی ئەویش دێتە ئێرە؟

بێنگتسۆن:

ئەو مێوانداریی نەکراوە.

یوهانسۆن:

بێ بانگکردن دێت! لە کاتی تەنگانەدا...

*



پیرەمێرد:

(لە دالانەکەیە، لە تویێی پاڵتۆیەکی دوو ڕیز دوگمەدار، ئیسپرینگ ئاسا، بەدارشەقەوە دزەی دەکردە پێشەوە و گوێی دەگرت)

بێنگتسۆن:

بەڕاستی ئەو کابرایە پیرەمێردێکی دزە، وا نییە؟

یوهانسۆن:

دزێکی کامڵ!

بێنگتسۆن:

هەر بەخودی شەیتانی نەفرەتلێکراو دەچێت!

یوهانسۆن:

هەروەها ئەو کابرایە جادووکەریشە! چونکە ئەو دەتوانێت بەنێو دەرگای کڵۆمدراویشەوە ڕەت بێت.

*

پیرەمێرد:

(دێتە پێشەوە گوێی یوهانسۆن دەگرێت)

هۆو! ـ ئاگات لە خۆت بێت! (بە بێنگتسۆن) هاتنی من بەکۆلۆنێل ڕابگەیەنە!

بێنگتسۆن:

بەڵێ! بەڵام ئەوان چاوەڕوانی کەسانێکی نەناسراو دەکەن.

پیرەمێرد:

ئەوەیان دەزانم! بەڵام تا ڕادەیەک ئەوان چاوەڕوانی هاتنی منن،

ئەگەر بێتو ئەوان بۆ هاتنی من سوێیان نەبووبێتەوە...

بێنگتسۆن:

ئاوەها! ناوتان چی بوو! هومێللی بەڕێوەبەر!

پیرەمێرد:

ئا، بەتەواوەتی ئەو!

بێنگتسۆن:

(لە دالانەکە دەچێتە ژوورە سەوزەکە و دەرگاکەی دادەخرێت)

*

پیرەمێرد:

(بەیوهانسۆن)

ون بە!

یوهانسۆن:

(دوودڵیی دەکات)

پیرەمێرد:

ون بە!

یوهانسۆن:

(لە نێو دالانەکەوە بزر دەبێت)

*

پیرەمێرد:

(تەماشای نێو ژوورەکە دەکات! زۆر بە سەیرپێهاتنەوە لە بەردەم پەیکەرەکە ڕادەوەستێت)

ئامالیا!... ئەوە ئەوە!... ئەو!



(بەژوورەکەدا دەگەڕێت و پەنجە لە شتەکان دەدات؛ لەبەر ئاوێنەکە قژە دەستکردەکەی ڕێک دەکاتەوە؛ دەگەڕێتەوە بۆ لای پەیکەرەکە)

مۆمیاکراوەکە:

(لە نێو ژووری جلوبەرگەکانەوە)

تووووتیی ژواااان!

پیرەمێرد:

(لە ترساندا هەڵدەبەزێتەوە)

ئەوە چی بوو؟ ئەرێ ئەوە تووتییەک لە نێو ژوورەکەدایە؟ بەڵام من هیچ شتێک نابینم!

مۆمیاکراوەکە:

یاکوب لێرەیە؟

پیرەمێرد:

تارمایی لە نێو ژوورەکەیە!

مۆمیاکراوەکە:

یاکوب!

پیرەمێرد:

دەترسم؟!... ئەوە لەم جۆرە نهێنییانە بوو ئەوان لەم ماڵەدا قایمیان کردووە!

(تەماشای تابلۆیەک دەکات و پشتی لە ژووری جلوبەرگەکەیە)

ئەوەتانێ ئەوە ئەوە!... ئەە!

*

مۆمیاکراوەکە:

(دێتە پێشەوە، لە پشت پیرەمێرد و قژە دەستکردەکەی لەسەر دادەکەنێت)

کوڕڕڕڕێ! ئەوە کوڕڕڕڕێیە؟

پیرەمێرد:

(بەئاسماندا هەڵدەفڕێ)

خوای گەورەی ئاسمان! ئەوە کێیە؟

مۆمیاکراوەکە:

(بەئاوازێکی مرۆڤانەوە)

ئایە ئەوە یاکوبە؟

پیرەمێرد:

من هەر بەڕاستی ناوم یاکوبە...

مۆمیاکراوەکە:

(بەجووڵانەوە)

منیش ناوم ئەمالیایە!

پیرەمێرد:

نا، نا، نا... ئەی خوای گەورە...

مۆمیاکراوەکە:

ئاوەها دێمە بەرچاو! بەڵێ! ـ هەروەها ئاوەهاش هاتوومەتە بەرچاو! ئایە ئەمە بایی ئەوەیە بژییت ـ بەزۆری لە نیو ژووری جلوبەرگەکە دەژیم، هەم بۆ ئەوەی ڕزگارم بێت لە بینین، هەم بۆ ئەوەی نەبینرێم... بەڵام تۆ یاکوب، تۆ لێرە بەدوای چیدا





دەگەڕێیت؟

پیرەمێرد:

منداڵەکەم! منداڵەکەمان...

مۆمیاکراوەکە:

ئا لەوێ دانیشتووە.

پیرەمێرد:

لە کوێ؟

مۆمیاکراوەکە:

لەوێ، لە ژووری گوڵە سونبولەکان!

پیرەمێرد:

(سەرنجی خاتوون دەدات)

بەڵی، ئەوە ئەوە!

(پشوو)

باوکی چی دەڵێت، مەبەستم کۆلۆنێلە، مێردەکەت؟

مۆمیاکراوەکە:

جارێکیان خراپ لێی تووڕە بووبووم، ئەوجا هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە...

پیرەمێرد:

ئێ؟

مۆمیاکراوەکە:

باوەڕی پێ نەکردم: "هەموو ژنێک ئاوها دەڵێت لە کاتێکدا، کە دەیانەوێت مێردەکەیان بکوژن." ـ هەرچۆنێک بێت ئەوە

تاوانێکی زۆر ترسناک بوو. هەموو ژیانی ئەو هەر بەساختە دروست بووە، داری ڕەگەزنامەکەشی بەهەمان شێوەیە؛ هەندێ جار لیستی ناوی نەجیبزادەکانم دەخوێندەوە، ئەو کاتە بیرم دەکردەوە: کچەکەم گەواهی نامەیەکی درۆزنانەی قەشەیەکی بەدەستەوەیە و وەکو خزمەتکارێک ڕێگا دەکات، ئەو کارەش بەخستنە نێو بەندیخانەی ژنانەوە سزای دەدرێت.

پیرەمێرد:

زۆر کەسی تر ئاوەها دەکەن؛ دەمەوێت ئەوەم بێتەوە بیر، کە تۆش ساڵی لەدایکبوونێکی ناڕاستت هەبوو...

مۆمیاکراوەکە:

ئەوە دایکم بوو، کە فێری کردم... ئەوەیان دەسەڵاتم بەسەریا نەدەشکا! بەڵام تۆ بەخۆت گەورەترین گوناهباری لە تاوانەکەماندا...

پیرەمێرد:

نەخێر، پیاوەکەت ئاکامی هەموو تاوانەکانە، ئەو کاتەی دەستگیرانەکەی بردم ـ من وا لە دایک بووم بەوەی نەتوانم لە کەس ببوورم بەر لەوەی من سزام دابێت ـ من ئەو کارەم وەک ئەرکێک، کە پێم سپێردرابێت جێبەجێ کردووە... هەتا وەکو ئەم ساتەش ئەو کارە دەکەم!

مۆمیاکراوەکە:

بەدوای چیدا دەگەڕێیت لەم ماڵەدا؟ چیت دەوێت؟ چۆن هاتوویتە ژوورەوە؟ ئایە مەبەستت کچەکەی منە؟ گەر لێی نزیک بیتەوە، ئەوا ڕۆحت دەردەکەم!



پیرەمێرد:

من چاکەی ئەوم دەوێت!

مۆمیاکراوەکە:

ئێ کەواتە تۆ دەبێت لە باوکی خۆش بیت!

پیرەمێرد:

نەخێر!

مۆمیاکراوەکە:

ئەوجا دەبێت بمریت؛ لەم ژوورە؛ لە پشت ئەو پەردەیەوە...

پیرەمێرد:

با وا بێت... بەڵام من کاتێک قەپم لە تیکەکە گرت، ناتوانم بەری بدەم...

مۆمیاکراوەکە:

تۆ دەتەوێت بیدەی بە شوو بە خوێندکارەکە... بۆچی؟ ئەو هیچ نییە و خاوەنی هیچیش نییە؟

پیرەمێرد:

بەهۆی منەوە، دەوڵەمەند دەبێت!

مۆمیاکراوەکە:

ئایە تۆ ئەم ئێوارەیە لێرە مێوانداری کراویت؟

پیرەمێرد:

نەخێر، بەڵام من مەبەستمە وا بکەم لێرە مێوانداری شێوی تارمایی بکرێم!

مۆمیاکراوەکە:

دەزانی کێ دێ بۆ ئێرە؟

پیرەمێرد:

بەتەواوەتی نا.

مۆمیاکراوەکە:

بارون... ئەوەی لەو نهۆمەی سەرەوە دەژیت. ئەوەی دوێنێ دوای نیوەڕۆ خەزووری نێژرا.

پیرەمێرد:

ئەوەی خەریکە ژنەکەی تەڵاق بدات بۆ ئەوەی کچی ژنە دەرگاوانەکە بخوازێت... ئەوەی، جارێکیان ـ دۆستی تۆ بوو!

مۆمیاکراوەکە:

ئێ ئیتر دەزگیرانە کۆنەکەشت دێ، ئەوەی پیاوەکەم لە خشتەی برد...

پیرەمێرد:

پێرێکی جوانن...

مۆمیاکراوەکە:

خوای گەورە گەر ڕێگەمان پێ بدرێت بۆ ئەوەی بمرین! گەر ڕێگەمان پێ بدرێت بۆ ئەوەی بمرین!

پیرەمێرد:

ئێ باشە بۆچی هامشۆی یەکتری دەکەن؟

مۆمیاکراوەکە:

تاوان و نهێنی ڕاز و گوناه ئێمە بەیەکترییەوە گرێ دەدات! ـ



گەلێ جار ئێمە، کە لە ژمارە نایەت، لە یەکتر جیابووینەتەوە هەریەکە و بۆ لای خۆی، بەڵام دووبارە بەلای یەکترییەوە کێش دەکرێین...

پیرەمێرد:

هەنووکە باوەڕم وایە کۆلۆنێل بێت...

مۆمیاکراوەکە:

کەواتە من دەچمە ژوورەوە بۆ لای ئادێلی...

(پشوو)

یاکوب، ئاگات لە خۆت بێت چی دەکەیت! ببەخشە...

(پشوو)

(ئەو دەڕوات)

*

کۆلۆنێل:

(دێتە ژوورەوە، ساردە، بەئاگایە)

فەرموو دانیشە!

پیرەمێرد:

(لەسەرەخۆ دادەنیشیت)

(پشوو)

کۆلۆنێل:

(بە خۆخەریککردنەوە)

بەڕێزتان ئەم نامەیەتان نووسیوە؟

پیرەمێرد:

بەڵێ!

کۆلۆنێل:

بەڕێزتان ناوی هوممیلە؟

پیرەمێرد:

بەڵێ!

(پشوو)

کۆلۆنیل:

ئەوجا من ئێستا دەزانم، کە هەرچی موڵک و ماڵی من هەیە، تۆ کڕیوتە، ئەوەی لە دوای ئەوەشەوە دێت ئەوەیە، کە من کەوتوومەتە بەردەستی تۆوە. باشە ئێستا چیت دەوێت؟

پیرەمێرد:

هەقی خۆم دەوێت، بەشێوەیەک لە شێوەکان.

کۆلۆنێل:

بەچ شێوەیەک؟

پیرەمێرد:

بەشێوەیەکی زۆر سادە ـ با ئێمە باسی پارە نەکەین ـ وەکو مێوانێک، لە ماڵەکەتدا حەوسەڵەت لەگەڵ مندا هەبێت!

کۆلۆنێل:

گەر بێتو ئێوە بەو یارمەتییە کەمە ڕایی بکرانایە...

پیرەمێرد:

سوپاس!



کۆلۆنێل:

دوای ئەوە؟

پیرەمێرد:

بێنگتسۆن لە کار دەربکە!

کۆلۆنێل:

باشە بۆچی من ئەوە بکەم؟ خزمەتکاری باوەڕپێکراومە، تەمەنێکە ئەو لە لای من کار دەکات ـ خاوەنی مەدالیای وڵاتپارێزییە لە باوەڕپێکراوی خزمەتدا ـ ئێ باشە بۆچی ئەو کارە بکەم؟

پیرەمێرد:

ئەو لە بەرچاوی تۆ، هەموو ئەو شتە جوانانەیە ـ ئەو ئەو کەسە نییە، کە بەچاو دەبینرێت!

کۆلۆنێل:

باشە ئەو کەسە لە ڕاستیدا کێیە؟

پیرەمێرد:

(پشت دەداتەوە)

ڕاستە! بەڵام دەبێ بێنگتسۆن لابدرێت!

کۆلۆنێل:

ئێوە دەتانەوێت ببنە بڕیاردەری ماڵەکەم؟

پیرەمێرد:

بەڵێ! لەبەرئەوەی هەرچییەک ئا لێرەدا دەبینرێت موڵکی منە ـ مۆبیلەکان، پەردەکان، قاپوقاچاخەکان، دۆڵابی چەرچەفەکان ـ لەگەڵ زۆری تردا!

کۆلۆنێل:

ئەو لەگەڵ زۆری تردایە چییە؟

پیرەمێرد:

هەموو شتێک! هەموو شتێک، کە بەچاو دەبینرێت خاوەنیم، موڵکی منە!

کۆلۆنێل:

باشە! ئەوە هی تۆیە! بەڵام دروشمی نەجیبزادەیی و ناوە چاکەکەم بۆ هەتا هەتایە هی خۆمە!

پیرەمێرد:

نەخێر، تەنانەت ئەوەش نا!

(پشوو)

تۆ کەسێکی نەجیبزادە نیت!

کۆلۆنێل:

شەرم ناکەیت؟

پیرەمێرد:

(کاغەزێک دەردەهێنێت)

گەر بێتو ئێوە ئەو کورتە نووسینەی، کە لە نێو کتێبی چەک دەرهێنراوە بخوێننەوە، وەک دەبینن ئێوە، ناوی ئەو خانەوادەی پادشایەتییەی ئێوە هەڵتانگرتووە، سەد ساڵ دەبێ شوێن و هەتەری نەماوە!

کۆلۆنێل:

(دەخوێنێتەوە)



من بێ گومان درۆودەلەسەی لەو بابەتەم بیستووە، بەڵام من ناوەکەم لە دوای باوکمەوە بۆ بەجێماوە... (دەخوێنێتەوە) ئەوە ڕاستە؛ ئێوە ڕاست دەکەن... من کەسێکی نەجیبزادە نیم! ـ تەنانەت ئەوەش نا! ـ ئەوجا ئەو مۆرە لادەبەم. ـ ئەوە ڕاستە، ئەوە هی تۆیە... فەرموو!

پیرەمێرد:

(موستیلەی مۆرەکە دەکاتە پەنجەی خۆی)

ئەوجا ئێستا بەردەوام دەبین! ـ تۆ تەنانەت کۆلۆنێلیش نیت!

کۆلۆنێل:

من کۆلۆنێل نیم؟

پیرەمێرد:

نەخێر! تۆ کۆلۆنێلی کاتی بوویت لە هێزی خۆبەختکەرانی ئەمەریکا، بەڵام دوای جەنگی نێو کوبا و دووبارە ئۆرگانیزەکردنی دامودەزگاکان، هەموو پلە و پایە کۆنەکانیان لەو خەڵکە سەندەوە...

کۆلۆنێل:

ئایە ئەوە ڕاستە؟

پیرەمێرد:

(لە گیرفانی دەردەهێنێ)

دەتانەوێت بیخوێننەوە؟

کۆلۆنێل:

نەخێر، پێویست ناکات!... باشە ئێوە کێن، کە مافی ئەوەتان هەیە دابنیشن و ئا بەم شێوەیە ڕووتوقووتم بکەنەوە؟

پیرەمێرد:

ئەێ باشە دەیبینین! بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بەجل لەبەر داکەندنەوە هەیە... تۆ خۆت دەزانیت تۆ کێیت؟

کۆلۆنێل:

چییە شەرم ناکەیت؟

پیرەمێرد:

قژەکەت لە سەرت لابدە، برۆ لەبەر ئاوێنەکە تەماشای خۆت بکە، بەڵام یەکسەر تاقمەکە لە دەمت دەربهێنە و سمێڵت پاک بتاشە، ڕێ بدە بێنگتسۆن قەیتانەکانی تەمەنی درێژت بۆ ببەستێتەوە، ئەوجا با بزانین (و. هـ. ی. وەلسەلام)ی خزمەتکار دووبارە خۆی ناناسێتەوە؛ بزانە ئەو بەلاشخۆرەیەک نەبووە لە ژووری چێشتخانەی کەسێکدا.

کۆلۆنێل:

(لاسایی زەنگی زەنگۆڵەکەی سەر مێزەکە دەکاتەوە)

پیرەمێرد:

(پێشی دەکەوێت)

دەست نەدەی لە سەعاتەکە، بانگی بێنگتسۆن نەکەیت، دەنا ئەو کاتە بەگرتی دەدەم... ئەوا مێوانەکان هاتن ـ ئێستا بە ئارامی دانیشە، ئەوجا بەردەوام دەبین لە بینینی ڕۆڵە کۆنەکانی خۆمان!

کۆلۆنێل:

ئێوە کێن؟ من ئەو نیگا و نەغمەی ئەمرکردنە دەناسمەوە...



پیرەمێرد:

لێی مەکۆڵەرەوە، دەمت داخە و گوێڕایەڵ بە!

*

خوێندکارەکە:

(دێتە ژوورەوە، لە بەرامبەر کۆلۆنێل سەری نەوازش دادەنوێنێ)

بەڕێز کۆلۆنێل!

کۆلۆنێل:

بەخێر بێیت بۆ ماڵی من، کوڕی گەنج! ڕەفتاری نەجیبزادانەی ئێوە لە کاتی ئەو کارەساتە گەورەیەدا ناوی تۆی خستووەتە سەر زمانی هەموو کەسێکەوە، منیش ئەمە بە سەربەرزی دادەنێم، کە لە ماڵەکەی خۆمدا پێشوازیت لێ دەکەم...

خوێندکارەکە:

بەڕێز کۆلۆنێل، منێکی سەر بەخێزانێکی خوارەوە... ناوی ڕەونەقداری ئێوە و سەر بەخێزانی نەجیبزادەیتان...

کۆلۆنێل:

بۆم هەیە ئارکینهۆلزی کاندیدات، هوممێلی بەڕێوەبەرت پێشکەش بکەم... ئایە کاندیدات ئارەزووی هاتنە ژوورەوە و چاک و چۆنی لەگەڵ خانمەکان دەکات، من دەبێ ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ بەڕێوەبەردا یەکلا بکەمەوە...

خوێندکارەکە:

(ڕێگای ژووری گوڵە سونبولەکانی پێ نیشان دەدرێت، لەوێدا هەر لە بەرچاودا دەمێنێتەوە، بەپێوە لەگەڵ خاتوون لە گفتوگۆیەکی شەرمنانەدایە)

*

کۆلۆنێل:

کوڕێکی گەنجی هەر ئێجگار پیاوانەیە، مووسیکژەنە، گۆرانی دەبێژێت، شیعر دەنووسێت... بهاتبایە ئەو نەجیبزادە و هاوسونگی ئێمە بووایە، ئەوا هیچ ناڕەزایییەکم لە بەرامبەر ئەودا دەرنەدەبڕی... ئااای...

پیرەمێرد:

چی؟

کۆلۆنێل:

کچەکەم...

پیرەمێرد:

کچەکەت! ئا لە بارەی کچەکەتەوە، بۆچی ئەو هەردەم ئا لەو ژوورە دادەنیشێت؟

کۆلۆنێل:

ئەو گەر لە دەرەوە نەبێت، پێویستە لە ژووری گوڵە سونبولەکان دابنیشێت! ئەوە تایبەتمەندییەکە بەلای ئەوەوە... ئا ئەوە خاتوو بیاتە ڤۆن هۆلیستینکروونەیە ئاڵەوی... ئافرەتێکی زۆر چاکە گەورە کچێکی نەجیبزادەی خاوەن سەلەمێکی پڕ بەپێست گەورەیە بۆ باری ژیان و ویستەکانی ئەو...

پیرەمێرد:

(لەبەر خۆیەوە)

دەزگیرانەکەم!

*



دەزگیرانەکە:

(سەری سپییە، وەک شێت دێتە پێش چاو)

کۆلۆنێل:

خاتو هۆلیستینکروونە، هوممێلی بەڕێوەبەر...

دەزگیرانەکە:

(بەچۆک خۆی دادەنوێنی و دادەنیشێت)

*

کابرا نەجیبزادەکە:

(دێتە ژوورەوە، پڕ نهێنییە، جلی تەعزێباری لەبەردایە، دادەنیشێت)

کۆلۆنێل:

بارون سکانسکۆری...

پیرەمێرد:

(دانیشتووە و هەڵناسێتە سەرپێ)

من باوەڕم وایە ئەمە گەوهەردزە. (بە کۆلۆنێل) مۆمیاکراوەکەش بێنە ژوورەوە، ئەوجا دارودەستەکە بەتەواوەتی کۆ دەبێتەوە...

کۆلۆنێل:

(لە نێو دەرگای سەر ژووری گوڵە سونبولەکان)

پۆلی!

*

مۆمیاکراوەکە:

(دێتە ژوورەوە)

کورڕڕڕڕ- ێ!

کۆلۆنێل:

پێویست دەکات گەنجەکانیش بێنە ژوورەوە بۆ ئێرە؟

پیرەمێرد:

نەخێر! گەنجەکان نا! دەبێ ئەوان لەمە ببەخشرێن...

(هەموویان بەئاخڵەیی بێ دەنگ دانیشتوون)

*

کۆلۆنێل:

بۆمان هەیە چا بانگ کەین؟

پیرەمێرد:

چی سوودێکی هەیە! کەس حەزی لە چا نییە، بۆیە پێویست ناکات ئێمە دابنیشین و ڕیایی بکەین.

(پشوو)

کۆلۆنێل:

ئەی گفتوگۆ بکەین؟

پیرەمێرد:

(لەسەرخۆ و بە پشووەوە)

باسی کەشوهەوا بکەین، کە هەستی پێ دەکەین، هەواڵی تەندروستیی یەکتری بپرسین، کە دەیزانین؛ من پێشنیازی بێ دەنگی دەکەم، ئەو کاتە مرۆ بیرکردنەوە، دەبیسێت، ڕابردوو بەدی دەکات؛ هیچ شتێک ناتوانێ بێ دەنگی بشارێتەوە... بەڵام قسەکردن دەتوانێت؛ من لەم ڕۆژانە شتێکم دەربارەی



جیاوازیی دروستبوونی زمان لە لای گەلە دڕندەکان خوێندەوە، کە ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن نهێنیی فێڵەکانیان لەوانی تر بشارنەوە، ئەوا بەقسەکردن ئەو کارەیان دەکرد؛ زمان تا ڕادەیەک شفرەیە، ئەوەی کلیلەکەی بدۆزێتەوە، ئەوا ئەو کەسە هەموو زمانەکانی جیهان تێدەگات؛ بەڵام ئەوە ڕێگا ناگرێت لەوەی نهێنییەکان بەبێ کلیل ئاوەڵا بکرێت، بەتایبەتیش لەو جۆرە بابەتانەی پێویستی بەوەیە باوکێتیی تیا بسەلمێنرێت، بەڵام گەواهی هێنانەوە لە بەرامبەر دادگا شتێکی ترە؛ دوو شایەدی ساختەچی مەسەلەکە بەتەواوەتی یەکلا دەکەنەوە، چونکە پێشتر شایەدەکان لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ یەکتری ڕێککەوتوون، بەڵام من لە ماوەی ئەو سەفەرەی کە لە قسەکانمدا مەبەستمە، مرۆ هیچ شایەدێک لەگەڵ خۆیدا نابات، سروشت بەخۆی هەستکردن بەتەریقبوونەوەی لە لای مرۆڤ بەجێ هێشتووە، بەوەی مرۆ بگەڕێت بەدوای ئەو شتەی پێویستە بشاردرێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەبێ ویستی خۆمان دەکەوینە نێو باری وەهاوە، ڕێکەوت بەخۆی جار بەجار ئەوەمان پێشکەش دەکات، ئەوجا دەبێت نهێنیترین شت خۆی ئاشکرا بکات، ئەو کاتە دەمامک لەسەر دەموچاوی ساختەچییەکە لادەبردرێت، ئەو کاتە تاوانبارەکە ئاشکرا دەکرێت...

(پشوو: هەمووان قڕوقوپ سەرنجی یەکتری دەدەن)

پیرەمێرد:

ئەوە بۆ وا بێ دەنگ بوون!

(بێ دەنگییەکی درێژ)

پیرەمێرد:

بۆ نموونە ئا لێرەدا، لەم ژوورە، کە جێگای ڕێزلێگرتنە، لەم ماڵە جوانەدا، کە جوانی، خاوەنی شەهادە و دەوڵەمەندی تیایدا یەکتریان گرتووەتەوە...

(بێ دەنگییەکی درێژ)

ئێمە هەر هەموو ئەوانەی لێرەدا دانیشتووین، یەکتری دەناسین... ئایە ئەوە ڕاست نییە؟ من پێویست بەوە ناکات ئەوە بڵێم و... ئێوە من دەناسن، لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە خۆتان گێل دەکەن... هەمیسانەوە ئا لەوێدا کچەکەی من دانیشتووە، کچی من. ئێ ئێوە خۆتان ئەوەش دەزانن... کچەکەم ئارەزووی ژیان بردنە سەری لە دەست دابوو، بەبێ ئەوەی بزانێت بۆچی... بەڵام ئەو لە نێو ئەم هەوایەدا، کە تاوان، تەڵەکەبازی و هەموو شتێکی ساختە تیایدا هەناسە دەدا ژاکا... بۆیە بەدوای هاوڕێیەکدا گەڕام بۆی، کە لە نزیکبوونەوەی ئەو هاوڕێیەدا بتوانێت هەست بەڕووناکی و گەرمی لە کرداری جوامێرانە بکات...

(بێ دەنگییەکی درێژ)

ئەمە ئەو ئەرکە بوو لەم ماڵەدا بەمن سپێردرابوو: کە لە گژوگیا پاکی بکەمەوە، تاوان ئاشکرا بکەم، دەفتەری حیسابات یەکلا بکەمەوە، بۆ ئەوەی ئەوان لەم ماڵەدا ژیانێکی تازە دەست پێ بکەن، کە من پێم بەخشیون!

(بێ دەنگییەکی درێژ)

ئێستاش چوونە دەرەوەیەکی ئازاد قبووڵ دەکەم، بۆ



هەریەکەتان بە ڕیز و بە نۆبە؛ ئەوەی دەشمێنێتەوە بەگرتی دەدەم!

(بێ دەنگییەکی درێژ)

گوێ بگرە کاتژمێرەکە، وەکو کاتژمێری مەرگ بەقەد دیوارەکەوە چرکە چرک دەکات! ئایە، ئێوە گوێتان لێیە دەڵێت چی "کا- ت! کا- ت!"...

لە کاتێکدا زەنگی کاتژمێرەکە، دوای تاوێکی تر لێ دەدات، ئیتر کاتی ئێوە بەسەرچووە، ئیتر ئێوە بۆتان هەیە بڕۆن، بەڵام پێشتر نا. بەرلەوەی کاتژمێرەکە زەنگ لێ بدات، بە مشت هەڕەشە دەکات! - گوێ بگرە! ئێستە ئاگادارتان دەکاتەوە: "کاتژمێرەکە دەتوانێت لێ بدات... منیش دەتوانم لێ بدەم...

(پیرەمێرد بەدارشەقەکەی دەکێشێت بەسەر مێزەکەدا)

گوێتان لێیە؟

(بێ دەنگی)

*

مۆمیاکراوەکە:

(دەچێتە بەر چاڵمەکە و ڕایدەگرێت؛ پاش ئەوە ئامادە و جدیە)

بەڵام من دەتوانم کات لە خولاندنەوەکەی ڕابگرم - دەتوانم ڕابردوو بکەم بەعەدەم، ئەوەی کراوە بیکەم بە نەکراو؛ بەڵام بە بەرتیل نا، بە هەڕەشە نا - بەڵکو بەئازار چەشتن و پەشیمانی... (دەچێتە بەردەم پیرەمێرد) ئێمە مرۆڤی بەستەزمانین، ئێمە ئەوە دەزانین؛ ئێمە هەڵەمان کردووە، ئێمەش وەکو هەموو

کەسێکی ترین؛ ئێمە ئەوانە نین، کە بەچاو دەبینرێن، چونکە ئێمە لە بنەڕەتدا لە خودی خۆمان باشترین، ئینجا ئێمە خۆشیمان بەگوناهەکانماندا نایەتەوە؛ بەڵام تۆ یاکوب هوممێل بەناوێکی ساختەوە وەک دادوەرێک دابنیشیت، ئەوە ئەوە نیشان دەدات، کە تۆ لە ئێمەی بەستەزمان خراپتری! بگرە تەنانەت تۆش ئەو کەسە نیت، کە بەچاو دەبینرێت! ـ تۆ مرۆڤدزیت، چونکە تۆ جارێک لە جاران منت بەهیوای درۆزنانەوە دزی؛ ئەو قونسوڵەی، کە ئەمڕۆکە ئا لێرەدا دەنێژرێت تۆ کوشتت، تۆ ئەوت بەکاغەزە پارەی قەرز تاساند؛ تۆ خوێندکارەکەت دزیوە تا بەڕێگای ئەو قەرزە هەڵبەستراوەی باوکییەوە بیبەستیتەوە، کە هەرگیز یەک ئوێرێ قەرزاری تۆ نەبووە...

پیرەمێرد:

(هەوڵ دەدات هەڵسێتە سەرپێ و بکەوێتە قسە، بەڵام لەسەر کورسییەکە دەکەوێتە خوارەوە و گرمۆڵە دەبێت، دوای ئەوە تا دێت بچووکتر و بچووکتر دەبێتەوە)

مۆمیاکراوەکە:

خاڵێکی ڕەش لە ژیانی تۆدا هەیە، کە من بەتەواوەتی نایزانم، بەڵام درکم پێ کردووە... وا بزانم بێنگتسۆن بەوە دەزانێت!

(لە زەنگی سەر مێزەکە دەدات)

پیرەمێرد:

نەء، بێنگتسۆن نا! ئەو نا!



مۆمیاکراوەکە:

ئاوەها، ئەو بەوە دەزانیت!

(دووبارە زەنگ لێ دەدات)

(هەنوکە کچە شیرفرۆشەکە لە دەرگای دالانەکەوە بەدەردەکەوێت، جگە لە پیرەمێرد کەسی تر کچەکە نابینێ، پیرەمێرد سامی لێ نیشتووە؛ کچەکە ون دەبێت، ئەوجا بێنگتسۆن دێتە ژوورەوە)

مۆمیاکراوەکە:

بێنگتسۆن ئەم پیاوە دەناسی؟

بێنگتسۆن:

بەڵێ، من ئەو دەناسم و ئەویش من. وەک ئێمە دەزانین ژیان لە ئاڵوگۆڕدایە، من لە لای ئەو خزمەتم کردووە، ئەویش جارێکیان لای من. ئەو بۆ دوو ساڵی ڕەبەق لە ناندینە[٥]کەی من بەلاشخۆر بوو ـ هەروەک ئەو دەبوایە کاتژمێری سێ بڕۆیشتایە ئەوا کاتژمێری دوو خواردنی چێشتەنگا ئامادە دەکرا، ماڵەکەش دەبوایە دوای ئەو گایە خواردنی گەرمەوەکراو بخوات ـ بیلام ئەو گۆشتاوەکەشی دەخواردەوە، کە پاش ئەوە دەبوایە لەگەڵ ئاودا تێکەڵ بکرێت ـ ئەو وەکو خوێنمژێک دانیشتبوو و دوا چۆڕی ئاوی ئەو ماڵەی هەڵدەقوڕاند، بەشێوەیەک ئێمە وەک ئێسکبەندییەکمان لێ هات ـ ئیتر ئەو کاتەی بە ژنە چێشتلێنەرەکەمان وت دزە، خەریک بوو بمانخزێنێتە بەندیخانەشەوە.

ماوەیەک دوای ئەو ڕووداوە لە ژێر ناوێکی تر ئەم کابرایەم لە

هامبۆرگ ڕێکەوت کرد. ئەو کاتە ئەو سوخۆر یا وەکو خوێنمژ بوو؛ هەروەها لەوێش تاوانبار کرابوو بەوەی کچێکی هەڵخەڵەتاندووە. بەوەی بیباتە سەر شەختەی تەنک و بەخنکانی بدات، ئەو کردارەشی لەبەرئەوە کرد چونکە ئەو کچە شایەدحاڵی تاوانێک بوو ئەم لەوە دەترسا ئاشکرا بێت...

مۆمیاکراوەکە:

(چەمۆڵەیەک لە پیرەمێردەکە دەنێت)

ئەوە تۆیت! هەر ئێستا چەکی بانک و وەسێتنامەکەت دەربهێنە!

یوهانسۆن:

(لە دالانەکە دەبینرێت و بەگرنگییەکی زۆرەوە سەرنجی ئەو هەڵسوکەوتانە دەدات، ئەوجا ئەو لەو جادووەی لێی کراوە، ڕزگاری دەبێت)

پیرەمێرد:

(سەفتەیەک کاغەز دەردێنێتە دەرەوە و فڕێیان دەداتە سەر مێزەکە)

مۆمیاکراوەکە:

(دەستێ بەپشتی پیرەمێرددا دەهێنێت)

تووتی! یاکوب لەوێیە؟

پیرەمێرد:

(وەکو تووتییەک)

یاکوب لەوێ! ـ تووتی! تووتی!

مۆمیاکراوەکە:

کاتژمێرەکە دەتوانیت زەنگ لێ بدات؟



پێرەمێرد:

کاتژمێرەکە دەتوانێت زەنگ لێ بدات ـ (لاسایی کاتژمێری کوکو دەکاتەوە) کوـ کو، کوـ کو، کوـ کو...

مۆمیاکراوەکە:

(دەرگای ژووری جلوبەرگەکان دەکاتەوە)

ئێستا زەنگی کاتژمێرەکە لێی دا! ـ هەستە سەرپێ، بچۆ ژووری جلوبەرگەکانەوە، ئەو شوێنەی من بیست ساڵە بۆ هەڵە و گوناهەکانمان تیای دانیشتووم و گریاوم. ـ ئا لەو ژوورە پەتێک هەڵواسراوە دەتوانیت ئەو پەتەت بۆ بەرجەستە بکات، کە تۆ لەو باڵەخانەیە قونسوڵت پێ خنکاند، ئەوەی لای تۆش مەبەست بوو ئەوەیە، کە هەرکەسێ خێری پێ کردووی، بیخنکێنیت... بڕۆ!

پیرەمێرد:

(دەچێتە نێو ژوورەکەوە)

مۆمیاکراوەکە:

(دەرگاکە دادەخات)

بێنگتسۆن! پەردەکەی لەبەر دانێ! پەردەی مەرگ!

بێنگتسۆن:

(پەردەکە لەبەر دەرگاکە دادەنێت)

مۆمیاکراوەکە:

ئەوە کۆتایی پێهات! خوا بەزەیی بێتەوە بە گیانیدا!

هەموویان:

ئامین!

(بێ دەنگییەکی درێژ)

*

(لە ژووری گوڵە سونبولییەکان کچەکە بەتەنیشت قیسارەیەکەوە دەبینرێت و ئاواز بۆ پەخشان خوێندنەوەی خوێندکارەکە لێ دەدات)

گۆرانی (پێش ئاوازێک لێ دەدرێت)

خۆرم بینی، خۆی دا نیشانم
ئەوەی من بینیم پەنهانەکەیە،
بەرهەمەکانی هی ڕابواردنی مرۆڤەکانە،
کردەوەی تووڕەبوونت ئەوەی تۆ پێی هەستاوی
بەخراپەکاری چارەسەر ناکرێت؛
شادمانە ئەوەی تۆ خەمبارت کردووە
بەکاری چاکە یارمەتیت داوە.
هیچ کەسێک ترسی نییە گەر بێتو خراپەی نەکردبێت،
چاکە شمەکێکی بێ مانایە.

©…ËW²|–œ…œ«œ …œ–WÄ®



٣

ژوورێک لە شێوازێکی زۆر سەیر، مۆتیڤی ڕۆژهەڵاتی. سونبول بەهەموو ڕەنگەکانییەوە لە هەموو جێگایەکدایە. لەسەر موغەیرییە بەئاهەک دروستکراوەکە وێنەیەکی گەورەی بودا دانراوە، قاپەڕەگێک لەسەر چۆکێتی و لەو قاپەڕەگەوە ساقی گوڵە پیوازێک بەرزبووەتەوە، ئەو گوڵدانەی شێوەی گۆی هەیە و گوڵە سپییەکەی بەسەرەوەیە.

لە دواوەی دەستە ڕاستی شانۆکەوە، دەرگایەک دەچێتە سەر ساڵۆنە خڕەکە؛ لەوێوە مرۆ کۆلۆنێل و مۆمیاکراوەکە دەبینێت دەست بەتاڵ و بێ دەنگ دانیشتوون؛ تەنانەت چمکێک پەردەی نێوبەندی مەرگێش دەبینریت؛ لە لای چەپی شانۆکەوە: دەرگا بۆ خزمەتکردن و موبەق.

خوێندکارەکە و خاتوو (ئادیلە) بەتەنیشت مێزەکەوە؛ خاتوون بەتەنیشت قیسارەکەوە؛ خوێندکارەکە بەپێوە وەستاوە.

خاتوون:

ئێستا گۆرانی بۆ گوڵەکانم بڵێ!

خوێندکارەکە:

ئەمانە گوڵی ناخی تۆن؟

خاتوون:

ئەمانە تاقانەی منن! تۆ گوڵە سونبولت خۆش دەوێت؟

خوێندکارەکە:

لە هەموو گوڵەکان زیاتر خۆشم دەوێن، شێوەی بەرجەستەیی پاکیزەییان، کە باریکەلە و ڕێک و ڕاست لەو قاپەڕەگەیەی لەسەر ئاوەکە نیشتووە بەرز دەبێتەوە و ڕەگە سپی و پاکەکانی لە نێو ئەو شلە بێ ڕەنگە نوقم دەبێت؛ من ئەو ڕەنگانەم خۆش دەوێت، ئەوەی ڕەنگی بەفرین و بێ زەواڵ و پاکە، ئەوەی ڕەنگی زەردی هەنگوینی و دڵڕفێنە، ئەوەیان کە ڕەنگی سووری کاڵە و لاوە، ئەوەیان کە ڕەنگی سوورە و گەییوە، خۆش دەوێت، بەڵام لە هەموو ئەو ڕەنگانەش زیاتر ئەو گوڵەیانم خۆش دەوێت، کە ڕەنگی شینە، ئەوەی کە ڕەنگی شینی ڕۆژی هەیە، ئەوەی چاوی قووڵە، ئەوەی بە ئەمەکە... هەر هەموو ئەوانەم لە زێڕ و مرواری زیاتر خۆش دەوێت، سەرسامیان کردم، چونکە ئەوان خاوەنی ئەو هەموو تایبەتمەندییە جوانانەن، کە من لێیان بێ بەشم... بەڵام!...

خاتوون:

چی؟

خوێندکارەکە:

خۆشەویستییەکەم وەڵامی نەدراوەتەوە، چونکە ئەو گوڵزارە جوانە ڕقی لێمە...

خاتوون:

ئەوە چی دەڵێت؟

خوێندکارەکە:

بۆن و بەرامەیان، بەهۆی یەکەم بای بەهارەوە، کە لەسەر



بەفری تواوەوە هەڵی کردووە، بەهێز و پاکە، هۆشم گێژ دەکات، کەڕم دەکات، چاوم کوێر دەکات، بە پاڵ لە ژوورەوە دەمکاتە دەرەوە، بە تیری ژاراویی دڵم ئازار دەدات و سەرم گەرم دەکات! ئایە ئێوە سەرگوزشتەی ئەو گوڵە نازانن؟

خاتوون:

دەبیلێ!

خوێندکارەکە:

پێش هەموو شتێک مانایان. قاپەڕەگەکە زەمینە لەسەر ئاوەکەوە یا گڵەکەوە پشوو دەدات؛ ئێستا ساقەکەی بڵند دەکاتەوە، ڕێک و ڕاست وەکو شانی جیهان، لە کۆتایی سەری سەرەوەشیەوە گوڵە ئەستێرەی خاوەن شەشپەڕ ڕۆنیشتوون.

خاتوون:

ئەستێرە بەسەر جیهانەوەیە؛ ئای، ئەوە گەورەیە، ئەوە لە کوێوە بۆت هات، چۆن ئەوەت بینی؟

خوێندکارەکە:

لێم گەڕێ بیر بکەمەوە ـ لە چاوانی تۆدا! ـ تا ڕادەیەک وێنەیەکی لەبەر هەڵگیراوی جیهانە... بۆیەکە بودا بەچاوی کڕبوویەوە دانیشتووە و قاپەڕەگەکەی زەمینی لەسەر چۆکی خۆی داناوە، بۆ ئەوەی چاوی لە سەوزبوون و بڵندبوونەوەی بەرەو ئاسمانی گوڵەکە بێت. بودا چاوەڕوانی ئەو شتەیە!

خاتوون:

ئێستا بینیم ـ ئایە گوڵی دڵۆپە بەفریش وەکو سونبولە نێرگز خاوەنی شەش تیشک نییە؟

خوێندکارەکە:

ئێوە وتتان! کەواتە گوڵە دڵۆپە بەفریش ئەو ئەستێرانەن، کە بەردەبنەوە...

خاتوون:

گوڵی دڵۆپە بەفریش ئەستێرە بەفرینێکە... لە نێو بەفرەوە سەوز دەبێت.

خوێندکارەکە:

بەڵام گەلاوێژ، گەورەترین و جوانترین ئەستێرەیە لە کەوانەی ئەستێرەکانی ئاسماندا بە ڕەنگی زەرد و سوورەوە، ئەوە نێرگزە بەڕەنگی زەرد و ئاهەکی سووری سی تیشکی سپییەوە...

خاتوون:

ئایا تۆ پیوازی ئاسکەلۆنت بینیوە سەوز بێت؟

خوێندکارەکە:

بەڵێ بێ گومان بینیومە! ـ گوڵەکەی لە نێو تۆپێکدا هەڵگرتووە، تۆپەکە بەگۆی ئاسمان دەکات ئەستێرەی سپی بەسەردا پرژێندراوە...

خاتوون:

ئا، خوایە، چەند مەزنە! ئەوە خەیاڵی کێ بوو؟

خوێندکارەکە:

هی تۆ!

خاتوون:

هی تۆ!



خوێندکارەکە:

هی هەردووکمانە! ئێمە پێکەوە شتێکمان هێناوەتە دونیاوە، ئێمە مارەمان لە یەکتر بڕا...

خاتوون:

هێشتا نا...

خوێندکارەکە:

چی ماوە؟

خاتوون:

چاوەڕوانی، تاقیکردنەوە، دان بەخۆداگرتن!

خوێندکارەکە:

ئێ باشە! تاقیم کەرەوە!

(پشوو)

بڵێ! بۆچی دایک و باوکت بەبێ ئەوەی وشەیەک لەگەڵ یەکتری بڵێن، لەو ژوورە بێ دەنگە دانیشتوون؟

خاتوون:

چونکە ئەوان هیچ شتێکیان نییە بۆ یەکتر باسی بکەن، چونکە هیچ کامێکیان باوەڕیان بەوە نییە، کە ئەوەی تریان دەیڵێت. باوکم ئەو شتەی ئاوەها بۆ من دەربڕیوە: قسەکردن چی سوودێکی هەیە، بەهەرحاڵ ئێمە لە تواناماندا نییە یەکتری هەڵخەڵەتێنین؟

خوێندکارەکە:

بیستنی ئەو شتە زۆر ترسێنەرە...

خاتوون:

ئەوە چێشتلێنەرەکە هات... تەماشای کە، چەند گەورە و قەڵەوە...

خوێندکارەکە:

چی دەوێت؟

خاتوون:

دەیەوێت لە بارەی خواردنی شێوەوە پرسم پێ بکات، ئەوەی ڕاست بێت لەو ماوەیەی دایکم نەخۆشە من کاروباری ماڵ هەڵدەسووڕێنم...

خوێندکارەکە:

چیمان لە کاری چێشتخانە داوە؟

خاتوون:

ئێمە پێویستە نان بخۆین... تەماشای چێشتلێنەرەکە بکە، من ناتوانم تەماشای بکەم...

خوێندکارەکە:

ئەو ژنە زەبەلاحە کێیە؟

خاتوون:

ئەو ژنە سەر بە خێزانی هوممێلی خوێنمژە؛ هەموومان دەخوات...

خوێندکارەکە:

ئەێ بۆچی لەسەر کارەکەی لانابرێت؟

خاتوون:

ناڕوات! دەرەقەتی نایەین، ئەومان بەهۆی گوناهەکانمانەوە پێ



دراوە... چییە نابینیت وا ئێمە خەریکە وشک دەبینەوە، بچووک دەبینەوە...

خوێندکارەکە:

ئەێ باشە خواردنتان پێ نادرێت؟

خاتوون:

بەڵێ، گەلێک چەشنە چێشتمان پێ دەدرێت، بەڵام چێشتەکان هەموو هێزێکیان لەبەر بڕاوە... ئەو گۆشتەکە دەکوڵێنێت تا دەتوێتەوە، تەنها دەزوولە گۆشت و ئاو بە ئێمە دەدات، هەمان کاتیش خۆی گۆشتاوەکە هەڵدەقوڕێنێت، ئەو کاتەی ڕانەگۆشت بێت، پێش هەموو شتێک دەیکوڵێنێت تا ئاوەکەی دەردەکات، ساسەکەی دەخوات و ئاوەکەشی دەخواتەوە؛ هەر شتێک ئەو دەستی بەربکەوێت ئاوی تیا نامێنێت، ئەو ژنە وەک ئەوە وایە، کە بڵێیت بەچاو شت هەڵدەمژێت؛ ئەو کاتەی قاوە دەخواتەوە، ئەوا ئێمە سپڵاوەکەی دەخۆینەوە، شەرابیش هەر لە بوتڵەکە دەیخواتەوە و دوایی پڕیان دەکاتەوە لە ئاو...

خوێندکارەکە:

قاوی بدەن!

خاتوون:

ناتوانین!

خوێندکارەکە:

بۆچی؟

خاتوون:

ئێمە نازانین! ناڕوات! کەس دەرەقەتی نایەت و هەموو هێزێکی

لەبەر ئێمە بڕیوە!

خوێندکارەکە:

من بۆم هەیە دەری بکەمە دەرەوە؟

خاتوون:

نا، هەرچۆنێک بووە با هەر وابێت! ئەوا ئەو لێرەیە! ئیتر دەپرسێت چی بۆ شێو ئامادە بکات، منیش وەڵام دەدەمەوە ئەوە و ئەوە، ئەو ناڕەزایی دەنوێنێت، ئیتر ئەو خواردنە لێدەنێت، کە خۆی دەیەوێت.

خوێندکارەکە:

وازی لێ بینە با بۆ خۆی بڕیار بدات!

خاتوون:

ئەو نایەوێت.

خوێندکارەکە:

ئەم ماڵە ماڵێکی سەیرە. جادووی بەسەردا کراوە!

خاتوون:

بەڵێ! بەڵام هەر ئەوەندە چاوی بە تۆ کەوت ئەوا دووبارە گەڕایەوە دواوە!

*

چێشتلێنەرەکە:

(لە نێو دەرگاکەوە)

نااا، ئەوە لەبەرئەوە نەبوو!

(بە تیزەوە پێدەکەنێ و ددانەکانی بەدەردەکەون)



خوێندکارەکە:

بۆ دەرەوە، ئادەمیزاد!

چێشتلێنەرەکە:

ئەو کاتەی خۆم پێم خۆشە! (پشوو) ئێستا پێم خۆشە!

(ون دەبێت)

خاتوون:

سەر لە خۆت مەشێوێنە! ـ لەسەر دان بەخۆدا گرتن مەشق بکە، ئەو ژنە بەشێکە لەو تاقیکردنەوانەی ئێمە لەم ماڵەدا پیا تێدەپەڕین! بەڵام ئێمە کەیوانوویەکیشمان هەیە! کە دەبێت لە دوای دەستی ئەوەوە گسک بدەین!

خوێندکارەکە:

من ئێستا گۆرانی دەڵێم! "  " گۆرانی!

خاتوون:

ڕاوەستە!

خوێندکارەکە:

گۆرانی!

خاتوون:

دان بەخۆتا بگرە! ئەم ژوورە بەژووری تاقیکردنەوە نێودەبرێت ـ زۆر جوانە تەماشای بکە؛ بەڵام پێکهاتووە لە کەموکوڕیی ئایدیال...

خوێندکارەکە:

بەباوەڕی کەسدا نایەت؛ بەڵام مرۆ دەبێت چاو لەوە بپۆشێت!

بۆ جـوانی جـوانـە، بەڵام هەندێک سـاردە. بۆچـی ئاگـردانـەکـە هەڵناکەن؟

خاتوون:

چونکە دووکەڵەکەی دێتە ژوورەوە.

خوێندکارەکە:

بۆ مرۆ ناتوانێت دووکەڵکێشەکەی لە هیس[٦] پاک بکاتەوە؟

خاتوون:

سوودی نییە!... ئەو مێزی نووسینە دەبینیت؟

خوێندکارەکە:

لە ڕادەبەدەر جوانە

خاتوون:

بەڵام لەقـە، هـەمـوو ڕۆژێک پارچەیـەک تەپەدوور دەخــەمــە ژێر قـاچەکەیـەوە، ئەو کـاتەی کـەیبـانووەکـە مـاڵ گـسک دەدات لای دەبات، دەبێ هەمدیسان تەپەدوورێکی نوێی بۆ ببڕمەوە. هەموو بەیانییـەک دەسکی قـەڵەمـەکە مـەرەکەباوییـە و هـەروەها پەڕۆی مـەرەکـەب سڕینەکەش؛ هەمـوو ڕۆژێک، کـە خـۆر هـەڵدێت، دەبێ من بەدوای دەسـتی ئەوەوە بیـانشۆم. (پشـوو) باشـە بەلای تۆوە کامەیان لە هـەموویان ناخۆشترە؟

خوێندکارەکە:

ژماردنی ئەو شتانەی دەیانشۆرم! ئااهـ!

خاتوون:

ئەوە ئیشی منە! ئاهـ!





خوێندکارەکە:

چی تر!

خاتوون:

لە نێو خەودا بیت و خـەوت بزڕێندرێت، ئەو کاتەی دەبێت لە نێو جــێگا دەرچیت و قــولابی پەنجــەرەکــە دابخــەیت... ئەوەی کەیبانووەکە لە بیری چووە.

خوێندکارەکە:

چی تر!

خاتوون:

بە قـادرمـەدا سـەرکـەویت بۆ ئەوەی لە دوای کـەیبـانووەکە پەتی کوللەکان چا بکەیتەوە، کە ئەو ڕایتەکاندوون.

خوێندکارەکە:

چی تر!

خاتوون:

لە دوای ئـەوە گـسک بدەیت، بەدوای مـاڵسـڕینی ئـەوەوە مـاڵ بسڕیت، لە دوای ئەوەوە لە نێو موغەیرییەکە ئاگر بکەیتەوە، ئەو بەتەنـها هـەر هێزم[٧]ی تیـا دەکـات! چاودێریی پەتی کوللەکان بکەیت، بەپەڕۆ پەرداخەکان وشک بکەیتەوە، سفرە ڕابخـەیتەوە، سـینییـەکان بەرز بکەیتـەوە، پەنجـەرەکـان بکەیتـەوە بۆ ئەوەی هـەوای ژوورەکـە بگۆڕیت، جـێگاکـەی خـۆم ڕابخـەمـەوە، ئاو لە سـوراحـییـەکـان هـەڵدەی ئـەو کاتـەی قـەوزە سـەوزی کـردوون، شـقـارتە و سـابوون بکڕیت، کە هـەردەم ونن، بلووری چراکـان

بسڕیتەوە و سەری پلیتەکان بەمەقەس ببڕیت، بۆ ئەوەی نەوەکا هیس بکەن، بۆ ئەوەی نەشکوژێنەوە، ئەو کاتەی غەریبە لێرە بێت دەبێت بۆ خۆم چراکان پڕکەم لە نەوت...

قوتابییەکە:

گۆرانی!

خاتوون:

ڕاوەستە! پێش هەموو شتێ، ڕەنجکێشان، ڕەنجکێشان بۆ ئەوەی پیس و پاتاری ژیان لە خۆت دوور بخەیتەوە.

خوێندکارەکە:

بەڵام ئێوە خۆتان دەوڵەمەندن، دوو خزمەتکاریشتان هەیە!

خاتوون:

هیچ یارمەتییەک نادات! ئەگەر بێتو مرۆ سێ خزمەتکاریشی هەبێت! ژیان پڕە لە دەردەسەری، هەندێ جار ماندووم... تۆ ژوورێکی تری منداڵان بهێنە خەیاڵی خۆت!

خوێندکارەکە:

ئەوە لە هەموو دڵخۆشیکەرەکان گەورەترە...

خاتوون:

گرانترینیشیان... ئایە ژیان بایی ئەو هەموو دەردەسەرییەیە؟

خوێندکارەکە:

دەکەوێتە سەر ئەو مووچەیەی مرۆ لە دوای ئەو دەردەسەرییە بەدەستی دەهێنێت... بۆ ئەوەی دەستم لە دەستی تۆ گیر بێت بێز لە هیچ شتێک ناکەمەوە.



خاتوون:

وا قسە مەکە! ـ من هەرگیز بۆ تۆ نابم!

خوێندکارەکە:

بۆچی؟

خاتوون:

بۆت نییە ئەو پرسیارە بکەی!

(پشوو)

خوێندکارەکە:

لە توێی پەنجەرەکەوە بازنگەکەت کەوتە خوارەوە...

خاتوون:

چونکە دەست و مەچەکم زۆر باریک بوونەتەوە...

چێشتلێنەرەکە:

(بەرچاو دەکەوێت و بوتڵێک سۆیای ژاپۆنیی بەدەستەوەیە)

خاتوون:

ئەوە ئەو کەسەیە، کە هەر هەموومان دەخوات.

خوێندکارەکە:

ئەوە چییە بەدەستییەوە؟

چێشتلێنەرەکە:

بوتڵی کلۆریتینە بە خەتی جاڵجاڵۆکەیی لەسەری نووسراوە! ئەوە سۆیەیە، کە ئاو دەکات بەمەرگە، کە جێگای ئەو سۆسە دەگرێتەوە کە خواردوویانەتەوە، کە کەلەرمی تیا دەکوڵێندرێت، کە شۆربای کیسەڵی پی لێدەنرێت.

خوێندکارەکە:

بۆ دەرەوە!

چێشتلێنەرەکە:

ئێوە ئاومان تیا ناهێڵن، ئێمەیش ئاو لە ئێوە دەبڕین؛ ئێمە خوێن دەمژین و ئێوەش ئاوتان بەردەکەوێت – لەگەڵ کلۆریتین. ئەمە کلۆریتە! – ئێستا دەڕۆم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەنێک خۆم ئارەزووم لێ بێت، دەمێنمەوە!

(دەڕوات)

(پشوو)

خوێندکارەکە:

بۆچی بێنگتسۆن مەدالیای وەرگرتووە؟

خاتوون:

لەبەر خاتری خزمەتە مەزنەکانی...

خوێندکارەکە:

ئەو هیچ هەڵەیەکی نییە؟

خاتوون:

بەڵێ، زۆر گەورەش، بەڵام بۆ ئەو هەڵانەی هیچ مەدالیایەکی پێ نادرێت.

(هەردووکیان زەردەخەنە دەکەن)

*

خوێندکارەکە:

ئێوە، لەم ماڵەدا گەلێک نهێنیتان هەیە...



خاتوون:

وەکو هەموو کەسێکی تر... با هەریەکە و نهێنیی خۆی لای خۆیەوە بێت!

(پشوو)

خوێندکارەکە:

ئایە ئێوە حەزتان لەوە هەیە بەڕاشکاوی قسە بکەن؟

خاتوون:

بەڵێ، بەڕادەی خۆی!

خوێندکارەکە:

هەندێ جار ئارەزوویەکی وێرانکەری وا بەخەیاڵمدا دێت، کە هەرچی بمەوێت، بیڵێم، بەڵام من بەوە دەزانم ئەگەر بێتو مرۆ بەڕاستی ڕاشکاو بێت لە قسەکردنیدا ئەوا مرۆ دەتوانێت جیهان ئەمدیو و ئەودیو بکات.

(پشوو)

لەم ڕۆژانە لە ناشتنی کەسێک بووم... لە کڵێسا مردووناشتنێکی زۆر باڵا و خەمگین بوو!

خاتوون:

مردووەکە هوممێلی بەڕێوەبەر بوو؟

خوێندکارەکە:

بەڵی، خێرومەندە درۆزنەکەم بوو! هاوڕێیەکی دێرینی مردووەکە بەدیار سەری تابووتەکەوە وەستابوو، تەعزیەکەی بەڕێوە برد؛ قەشەکە بەبەڕێوەبردنی ناشتنەکە و تەڵقین خوێندنەکەی کاریگەرییەکی تایبەتی کردە سەر من. گریام، هەموومان

گریاین. پاش ناشتنەکە هەموومان چووین بۆ مێوانخانەیەک...
لەوێ بەوەم زانی، کە ئەو کەسەی ناشتنەکەی بەڕێوە دەبرد، کوڕی مردووەکەی خۆش دەویست...

خاتوون:

(خۆی بە شتەوە خەریک دەکرد چونکە لە ڕستەکان بێزار بووبوو)

خوێندکارەکە:

هەروەها مردووەکە پارەی لەو کەسە قەرز دەکرد، کە سەرسام بوو بە کوڕەکەی ئەو...

(پشوو)

ڕۆژێ دوای ئەوە قەشەکە گیراوە، لەو کاتەدا، کە خەریکی بڕینی قاسەی کڵێساکە بووە! ئەوە جوانە!

خاتوون:

ئااهـ!

(پشوو)

خوێندکارەکە:

دەزانیت، کە من ئێستا چۆن بیر لە تۆ دەکەمەوە؟

خاتوون:

وا مەڵێ، چونکە ئەو کاتە من دەمرم!

خوێندکارەکە:

پێویستە، دەنا من دەمرم!...

خاتوون:

مرۆ لە نەخۆشخانە، بیر لە هەرچی شتێک بکاتەوە، دەیڵێت.



خوێندکارەکە:

هەر بەتەواوەتی بەڵێ! باوکم لە شێتخانەیەک کۆتایی پێ هات...

خاتوون:

نەخۆش بوو؟

خوێندکارەکە:

نەخێر، ساغ بوو، بەڵام تێکچووبوو! ئێ ئیتر، جارێکیان سەری لێ هەڵدا، لە ماوەی ئەو کاتەی ئەو بارەی بەسەردا هات... ئەو وەکو هەریەکێ لە ئێمە لە لایەن ئەو کەسانەی هاودەمییان دەکرد دەورە درابوو، کە باوکم بۆ کورتکردنەوەی ناوەکانیان بە هاوڕێ نێویانی دەبرد، بەینی خۆمان بێت ئەو کەسانە کۆمەڵە خەڵکێکی هیچوپووچ بوون، هەروەکو چۆن زۆربەی مرۆڤەکان کەسانێکی لەو بابەتەن. بەڵام ئەو دەبوایە هاودەمییەکی هەبێت، چونکە نەیدەتوانی بەتەنیا دانیشێت. ئیتر، مرۆ لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئەو کاتەی بیر لەو مرۆڤانە دەکاتەوە، ئەوا ئەو پێیان ناڵێت مرۆڤ، ئەویش وای پێ نەدەوتن. ئەو بەوەی دەزانی، کە ئەوان چەندی ساختەچی بوون، ئەو بەبنەمای بێ ئەمەکیی ئەوانی دەزانی... بەڵام ئەو پیاوێکی ژیر بوو و باشیش پەروەردە کرابوو، بۆیە هەردەم ئەو ڕێزی لە خەڵکی دەگرت. ئیتر ڕۆژێکیان مێوانداریی خەڵکێکی زۆری کردبوو ئەو کاتە دەمەو ئێوارە بوو؛ ماندووی کاری ئەو ڕۆژە بوو، چونکە دەبوایە ئەو هەم بێ دەنگ بێت و هەمیش لەگەڵ مێوانەکاندا قسەی قۆڕ بکات..

خاتوون:

(ترسی لێ نیشتووە)

خوێندکارەکە:

ئیتر، بۆ ئەوەی بێ دەنگ بن، دەکوتێت بەسەر مێزەکەدا، پەرداخەکەی بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی قسەیان بۆ بکات... ئەو ساتە بەربەستەکان بەردەبن، بە وتارێکی درێژ سەرلەبەری میوانەکان ڕووتوقووت دەکاتەوە، یەک دوای یەک، هەرچی ساختەچێتییەکیان هەیە پێیان دەڵێت. ئیتر بەماندوویی دەچێتە سەر مێزەکە و لە ناوەڕاستی دادەنیشێت و داوایان لێ دەکات ملیان بشکێنن و بڕۆن!

خاتوون:

ئەهـ برا!

خوێندکارەکە:

من لەوێ بووم، ئەوەی لە دواییدا ڕووی دا هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە!... دایک و باوکم شەڕیان کرد، میوانەکان بەرەو دەرگاکە ڕایان کرد و... باوکم برا بۆ شێتخانە و لەوێ مرد!

(پشوو)

ئەگەر بێتو ئاو بۆ ماوەیەکی درێژ لە جێگای خۆیدا بەوەستاوی بمێنێتەوە، بۆگەن دەکات، ئەم ماڵەش هەروەک ماڵی ئێمەی بەسەرهاتووە. لێرەدا شتێک خەریکە بۆگەن دەکات! ئەو کاتەی من بۆ یەکەم جار ئێوەم لێرە بینی، خۆتتان پێم نیشان دا، لەو باوەڕەدا بووم ئێرە بەهەشت بێت... ئەو ڕۆژە بەیانییەکی ڕۆژی یەکشەممە بوو و تەماشای ناوەوەی ئێرەم دەکرد، کۆلۆنێلم بینی، کە بەهیچ شێوەیەک کۆلۆنێل نەبوو، خێرومەندێکی نەجیبزادەم لەگەڵدا بوو، کە قۆڵبڕ بوو و وای لێ کرا خۆی



هەڵواسێت، مۆمیاکراوێکم بینی، کە کەس نەبوو و پاکیزەش بوو، ئەرێ بەڕاستی پاکیزەیی لە کوێدا هەیە؟ جوانی لە کوێدا هەیە؟ لە سروشت و لە هۆشی مندا ئەو کاتەی جلوبەرگی یەکشەممەیان لەبەردایە! لە کوێدا شەرەف و باوەڕبوونی هەیە؟ لە سەرگوزشتە و لە نەمایشی منداڵاندا! لە کوێیە ئەوەی پەیمانی داوە، پەیمانەکانی دەباتە سەر؟... لە فەنتازیای مندا! ئێستا گوڵەکانی ئێوە ژەهراوییان کردووم و منیش ژەهرەکەم بۆ ئێوە گەڕاندۆتەوە – من داوام کرد، کە لە ماڵێکدا ببی بە ژنی من، ئێمە شیعرمان وت، گۆرانیمان چڕی و یاریمان کرد و چێشتلێنەرەکەش لێمان قووت بووەوە... هەرچییەک لە دڵتاندا هەیە بیدەنە دەست خوا! لێت دەپاڕێمەوە هەوڵ بدە، هەمدیسان جارێکی تر ئاگر و مۆر لەو قیسارە زێڕینە بەرز بکەرەوە... لێت دەپاڕێمەوە هەوڵ بدە، بۆت دەکەومە سەر ئەژنۆ و کڕنوشت بۆ دەبەم... دەباشە؛ من بەخۆم ئەو کارە دەکەم!

(قیسارەکە دەگرێت بەدەستییەوە بەڵام ژێکانی دەنگیان لێوە نایەت)

ئەمە کەڕ و لاڵە! تۆ ئەوەت بەخەیاڵدا هاتووە، کە ئەو گوڵانە جوانترین گوڵن و ژەهراوی بن، بگرە ژەهراویترین گوڵن. نەفرەت کراوەتە سەر هەموو مەخلوق و ژیانەوە... باشە تۆ بۆ نایەیت شووم پێ بکەیت؟ چونکە تۆ لە سەرچاوەی ژیانەوە نەخۆشیت... ئێستا هەست بەوە دەکەم ئەو خوێنمژەی نێو ناندینەکە دەستی کردووە بەمژینی من، من لەو باوەڕەدام ئەوە لامیا[٨]یەک بێت، کە مەمک دەدات بە منداڵەکەی، ئەوەی هەردەم لە ژووری چێشتلێناندا منداڵانی خێزانەکان چڕنووک

لە پەڕەی دڵیـان دەگـیـرێت، ئەگـەر بێـتـو لە ژووری نوستن چڕنووکیـان لێ نەگیرێت... ژەهـر هەیە بینایی کـوێر دەکاتەوە، ژەهریش هەیە، کە چاو دەکاتەوە ـ بێ گومـان من لەگەڵ ئەوەی دواییانەوە لە دایک بووم، چونکە من ئەوەی ناشرینە، بە جوان نایبـینم، یا وەکـو ئەوەی شـەڕە بەخـێـر نێـو ببـەم، من ناتوانم! مـەسیح، کە بـەقـادرمـە چووە خـوارەوە بۆ نێو جـەهـەننەم، ئەوە گەشتی ئەو بوو بەنێو جیهاندا، گەشتە بەنێو دنیای شێتخانە، تەمێخانە، مـەیتخـانە؛ ئەو شـێتانەی ئەو دەیویست ڕزگاریان بکات، کوشتـیـان، کەچی چەتەکەیان بەرەڵا کرد، چەتە هەردەم لایەنگرانی هەیە! وای! وای! بەسـەر هەمـوومانەوە، ڕزگاریکەری جیهان ڕزگارمان بکە، وا تێ دەچین!

خاتوون:

(گـرمـۆڵە دەبێت، وا دێتـە پێش چاو لە گـیـانەڵادایـە، زەنگ لێ دەدا، بێنگتسۆن دێتە ژوورەوە)

پەردەی نێوبەندەکە بێنە! خێراکە ـ وا دەمرم!

بێنگتسۆن:

(پەردەی نێـوبـەندەکـە دەهێـنێت، دەیکاتەوە و لەبـەر خـاتـووندا جێگیری دەکات)

قوتابییەکە:

ڕزگاریکەر دێت! بەخێربێت، تۆ ئەی دڵنەرم! ـ بنوو ئەی جـوان، ناشادمـان، بێ تاوان، تاوانت نییە بۆ ئەوەی ئازار بچێژیت، بێ خەو بینین بنوو، ئەو کاتەی دووبارە بێدار دەبیتەوە... هیـوادارم خۆرێک پێشوازیت لێ بکات، کە هیـچ شتێک نـاسـووتێنێت، لە



ماڵێکی بێ تۆز و خۆڵدا، خزمانێک بێ شـەرمەزاری پێشوازیت لێ بکەن، خۆشـەویستییەکی بێ گەرد... تۆ ئەی بودای دڵنەرمی دانا، ئـەی ئەو کــەســـەی لـەوێ دانیـشــتـوویت و چاوەڕوانـیت ئاســمـــان لە نێـو زەمـیـنەوە دروست بێت و بەرز بێـتـەوە، لە تاقیکردنەوەماندا خـۆڕاگری و نیازپاکیمـان پێ ببەخشێت. بۆ ئەوەی ئاوات نەبێتە هۆی شەرمەزاری!

(لە ژێی قـیـسـارەکـەوە وژە هەڵدەستێت؛ ژوورەکە پڕ دەبێت لە ڕووناکییەکی سپی)

خۆرم بینی،
وا هاتە خەیاڵم
ئەوەی من بینیم، پەنهانەکەیە،
بەرهـەمەکانی هـی ڕابواردنی مرۆڤەکانە،
بەختەوەر ئەو کەسەیە چاکەی بەسەرەوەیە.
کردەوەی تووڕەبوونت ئەوەی تۆ پێی هەستاوی
بە خراپەکاری چارەسەر ناکرێت؛
شادمانە ئەوەی تۆ خەمبارت کردووە
بە کاری چاکە یارمەتیت داوە.
هیچ کەسێک ترسی نییە گەر بێتو خراپەی نەکردبێت،
چاکە شمەکێکی بێ مانایە.

(لە پشت پەردەی نێـوبەندەکـەوە گـوێمـان لە ئازار و گـیـانەڵا دەبێت)

خوێندکارەکە:

تۆ ئەی منداڵە بەستەزمانەکە، منداڵی دنیایەکی سەرلێشێواو،

گوناهکاری، ئازار و مەرگ؛ گۆڕانکارییەکی ئەبەدی، دنیای نائومێدی و دارماڵ لە ئازار! لە گەشتەکەتدا خوای ئاسمان بەزەیی پێتا بێتەوە...

(ژوورەکە ون دەبێت؛ تابلۆی دوورگەی مەرگ[٩] دەبێت بەبەشێک لە شانۆکە، مۆسیقایەکی خەمبار، لەسەرخۆ، ئێجگار خەمگین، لە دواوەی شانۆکەوە دەبیستریت)

(پەردە دادەدرێتەوە)



پەراوێز:

(١) بۆژاڵە: جۆرە ڕووەکێکە لە خێزانی ژاڵەیە، بۆ تام گەڵاکەی دەکرێتە نێو چێشتەوە، بەڵام گەڵاکە ناخورێت.

(٢) پونش: جۆرە خواردنەوەیەکی کهولیی شیرینە، جاران یەکێک بوو لەو خواردنەوانەی بەشێوەیەکی بەربڵاو دەخورایەوە. دەتوانرێت لێرەدا وشەی "ئەرەق"، لەجیاتی "پونش" بەکار بهێنرێت.

(٣) تور: یەکێکە لە خواوەندە دێرینەکانی سکەندەنافیا.

(٤) موغەیری: زۆپەیەک لە نێو دیوار دروست بکرێت، هەرچی سووتەمەنیشە بە زۆری هێزم بەکار دەهێنرێت.

(٥) ناندین: وشەیەکی کوردی ڕەسەنە و لە هەولێر لەجیاتی موبەق بەکار دەهێنرێت.

(٦) هیس: دووکەڵی نیشتوو بەسەر ڕووی شووشەی چرا و دیوی ناوەوەی دووکەڵکێش.

(٧) هێزم: داری سووتەمەنی.

(٨) لامیا: لە میتۆلۆجیای یۆنانییەوە هاتووە، مارێکە سەر و سنگی ژنی پێوەیە و ئەو دوای مارە. منداڵی کۆرپە دەڕفێنێ بۆ ئەوەی خوێنیان بمژێت، یا وەکو گەنج بەلای خۆی کێش بکات بۆ ئەوەی خوێنیان بمژێت. لێرەدا وەکو ڤەمپایەر بەکار هێنراوە.

(٩) تابلۆی مەرگ "توتین ئێنسێلی": ئەمە تابلۆیەکی بەناوبانگی هونەرمەندی سویسری "ئارنۆلد بۆیکلین"ە. ئەو تابلۆیەی لە نێوان ١٨٨٠ ـ ١٨٨٦ بە پێنج شێوەی جیاواز کێشاوە.

خوێنەران بۆ زیاتر شارەزابوون لە شانۆی ژوور، شانۆنامەکانی گەمەی ژوور و سۆناتای تارمایی دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر کتێبی (ستریندبێری سۆناتای تارمایی لە نێوان راینهارت و بێریماندا، خوێندنەوەی پیەسی سۆناتای تارمایی، لە نێوان دیدی دوو ریژیسوردا) نووسینی: دانا ڕەئووف، ٢٠٠١ ، چاپی کوردستان، دەزگای سەردەم و چاپی سوێد.